


سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ ئوردەن و چەند ڕاستییەک

# بڕیاری گەلی کوردستان لای سەرۆک مسعود بارزانی-یە






**غەفوور مەخمووری**
سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**

سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر بانگهێشتی فەرمیی شای ئوردن، ڕۆژی **٢٠١٩/١/٢٧** سەردانی عەممانی پایتەختی ئوردەنی کرد و، لەلایەن شاعەبدوڵای دووەم کوڕی حوسێن پادشای ئوردەن لە کۆشکی حوسەینییە لە عەممانی پایتەخت بە گەرمی پێشوازی لە سەرۆك مسعود بارزانی و شاندی یاوەری کرا و، لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی و دواگۆڕانکارییەکانی ناوچەکە تاوتوێ کران.

سەردانی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئوردەن و پێشوازی لێ کردنەکەی، ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە ناوچەکەدا هەبوو، وەك سەرۆکی وڵاتان پێشوازی لە سەرۆك بارزانی کرا، داوەتکردنی سەرۆك بارزانی و ئەو پێشوازی لێ کردنەی لە عەمان ڕۆڵ و قورسایی سەرۆك بارزانی لە ناو هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە دەردەخات، جەنابی شا عەبدوڵای دووەم کە خاوەن سیاسەتێکی حەکیمانە و دووربینانەیە باش لەوە گەیشتووە کە بڕیاری گەلی کوردستان لای سەرۆك بارزانی-یە و سەرۆك بارزانی ڕێبەرایەتیی گەلی کوردستان دەکات، هەر بۆیەش وەك سەرۆکی وڵاتان پێشوازی لە سەرۆك بارزانی کرا، سڵاوی سەربازیی لێ کرا، فەرشی سووری بۆ ڕاخرا، ئێوارەخوانێکی بۆ ئامادە کرا، بێگومان ئەو ئێوارەخوانەش گوزارشت لە پەیوەندیی دۆستانەی نێوان هەردوولا دەکات. دەتوانین بڵێین سەردانەکە هەم فەرمی و هەم دۆستانەش بوو، هەروەك سەرۆك بارزانی سەبارەت بە سەردانەکە لە تویتێکدا نووسیویەتی: «وەك هەمیشە دڵخۆشم کە هاوڕێی ئازیزم شا عەبدوڵای دووەم دەبینم.»

پەیوەندیی نێوان شانشینی هاشمی ئوردەن و کوردستان پەیوەندییەکی مێژووییە و بۆ پەیوەندیی نێوان خوالێخۆشبوو شا حوسێنی کوڕی تەلال شای پێشووی ئوردەن و ڕێبەری شۆڕشی کوردستان (مستەفا بارزانی مەزن) دەگەڕێتەوە. ئەو پەیوەندییە تا ئێستا ماوەو ڕۆژ بە ڕۆژیش پتەوتر دەبێت و هەردوولاش لە هەوڵی پێشڤەبردنی ئەو پەیوەندییانەدان، جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی ڕۆڵێکی کارای هەبووە لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئوردەن و عێراق و ئوردەن و کوردستان و پاراستنی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب وەك دوو نەتەوە، کە ئەوەش لای جەنابی شا عەبدوڵای دووەم شای ئوردەن و گەلی ئوردەن هەمیشە بە بایەخەوە سەیرکراوە و ڕێزی لێ گیراوە.

بێگومان ئەو سەردانەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئوردەن لەم کاتەدا کرانەوەیەکی گرنگە بە رووی ناوچەکە بەگشتی و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و ئوردەن بەتایبەتی، ئوردەن لە پێشەوەی ئەو وڵاتە عەرەبییانە دێت کە خوازیاری بنیادنانی پەیوەندییەکی بەتین بووە لەگەڵ کوردستان، هەر زوو هەستی بە گرنگیی پێگەی کوردستان لە ناوچەکەدا کردو بڕیاری کردنەوەی کۆنسوڵخانەی گشتیی وڵاتەکەی دا لە هەولێر، دواتر کۆمەڵێ کۆمپانیای ئوردەنی ڕوویان لە کوردستان کرد و بەشداربوون لە پرۆسەی بنیادنانەوەی ژێرخانی کوردستان و گەشەپێدانی مرۆیی و تا ئێستاش بەردەوامن، هێڵی ئاسمانیی شاهانەی ئوردەن (RJ) لە پێشەوەی ئەو هێڵە ئاسمانییانە بوو کەوا فڕۆکەکانی لە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی نیشتنەوەو تا ئێستاش بەردەوامن، هاتوچوو و سەردانی هاووڵاتیانی کوردستان بۆ ئوردەن و هاووڵاتیانی ئوردەن بۆ کوردستان پەیوەندییەکی باشی لە نێوان هەردوو لادا دروست کردووە.

بۆ پاراستنی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆریش ئوردەن ڕۆڵی خۆی بینیوە لە پشتیوانی و هاوکاریکردنی کوردستان، هەروەها دوای ئەوەی کەوا حکومەتی حەیدەر عەبادی و هێزەکانی حەشدی شەعبی هێرشیان کردە سەر کوردستان و کەرکووك و مەخموور و شنگاڵ و چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستانیان داگیرکرد، جەنابی شا عەبدوڵای دووەم هەوڵی زۆری دا بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا و، ئامادەیی خۆی نیشان دا بۆ داوەتکردنی سەرۆك بارزانی و حەیدەر عەبادی بۆ عەمان، سەرۆك بارزانی داوەتەکەی قبووڵ کرد، بەڵام بەغدا ئامادە نەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بێتە پێشەوە و عەبادی داواکەی شا عەبدوڵای ڕەتکردەوە.

لەسەر ئاستی عێراقیشدا ؛ عێراق و ئوردەن دوو وڵاتی هاوسنوورن و کۆمەڵێ پەیوەندی و بەرژەوەندی بە یەکیان دەبەستێتەوە، سەرۆك مسعود بارزانی دەتوانێ ڕۆڵێکی کارای هەبێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان و پێشخستنی پەیوەندییەکان، بە لای شانشینی هاشمی ئوردەنەوە زۆر گرنگە کەوا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ عێراق و پێهاتەکانی عێراق هەبێت، بۆ ئەوەی لە لایەك پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان و بەرژەوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی لەگەڵ عێراق و کوردستان بپارێزێت و پێشبخات، لە لایەکی دیکەشەوە لە

رووی ئارامی و ئاسایشەوە سنووری وڵاتەکەی لەگەل عێراقدا بێ کێشە و پارێزراو بێت.

بێگومان رۆڵی سەرۆك بارزانی نەك تەنیا لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بەڵکوو لەسەر ئاستی ناوچەکەشدا بۆ پاراستن و چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی زۆر گرنگە، بۆیە ئوردەن بە گرنگی دەزانێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سوود لە پێگەو رۆڵی سەرۆك بارزانی وەربگرێت، ئەم سەردانەیش سەلمێنەری ئەو راستییانەن، بۆیە دەزگاکانی راگەیاندنی ئوردەن بە بایەخەوە باسیان لەو سەردانەی سەرۆك بارزانی کرد.

سەرەڕای ئەوانەی کە باسمان کردن؛ ئوردەن و کوردستان هەردوو لا بەشدارن لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی شەڕی دژی تیرۆر، هەموو لایەکیش سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ ئوردەن و رۆڵی سەرۆك بارزانی بۆ چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی لە ناوچەکە زیاتر دەردەخەن.

لە رووی نەخشەی جیۆسیاسی ناوچەکەدا کۆمەڵێ ئەگەر و پێشهات و گۆڕانکاری هەستیار بەڕێوەن، هاتنە پێشی ئەو ئەگەر و پێشهاتانەو روودانی گۆڕانکارییەکان پێویستیان بە راوێژ و بیرورِا گۆڕینەوە هەیە، بێگومان سەرۆك بارزانی کە بە خاوەن سیاسەتێکی حەکیمانە و وردبینانە و دووربینانە و خاوەن ئەزموون ناسراوە، رۆڵێکی کارای دەبێت لەو گۆڕانگارییانەی کەوا لە ناوچەکەدا دێنە پێشەوە و روودەدەن، بۆیە گوێگرتن لە سەرۆك بارزانی سەبارەت بە پێشهاتە سیاسییەکان گرنگیی خۆی هەیە، ئەمەش پێگەی بەهێزی سەرۆك



ئەوە باش دەزانن کەوا سەرۆك مسعود بارزانی وەك پێشمەرگەیەکی خاوەن ئەزموون رۆڵێکی کارای بینی لە شەڕی دژی تیرۆریستان، بوێری و لێهاتوویی و شارەزایی سەرۆك بارزانی و گیانفیدایی پێشمەرگەی کوردستان ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند، بۆیە بەشێك لەو دیدارەی سەرۆك بارزانی پەیوەست بووە بەوەی کەوا لە داهاتوودا چۆن بتوانن هەماهەنگ و هاوکاربن بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، هەر بۆیەش سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ئوردەن کە چالاکترین دەزگای هەواڵگریی ناوچەکەیە لە رووی کار و شارەزایی ئامادەی دیدارەکە بوو، لە هەمان کاتدا سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هێزە هاوبەشەکانی ئوردەنیش یەکێك بوو لە ئامادەبووانی دیدارەکە، ئامادەبوونی ئەو دوو دەزگا هەستیارە لەو دیدارەدا بایەخی بارزانی لە گۆڕانکارییەکاندا دەردەخات و ئەوەمان پێدەڵێت کەوا بێ سەرۆك بارزانی ئەستەمە گۆڕانکاری گەورە لە ناوچەکەدا رووبدات، جەنابی شا عەبدوڵای دووەم کە ئەویش خاوەن سیاسەتێکی حەکیمانەو دووربینانەیە باش ئەوە دەزانێت کەوا سەرۆك بارزانی لە پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە لە داهاتوودا رۆڵێکی کارا و زیاتر دەبینێت، بۆیە لە رێی ئەو بانگهێشتە فەرمییە و ئەو پێشوازیکردنەی لە سەرۆك بارزانی پەیامێکی بە هەموو لایەك دا، کەوا بڕیاری گەلی کوردستان لای سەرۆك مسعود بارزانی-یە و، سەرۆك بارزانی وەك هەمیشە لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ناوچەکەدا رۆڵی کاریگەری خۆی دەبێت، بۆیە پێویستە راوێژی لەگەڵدا بکرێت و بیرورِاکانی بە هەند وەربگیرێن.

# وەفادارییەک لە ساڵیادی ئیدریس بارزانی-ی هەمیشە لەیاددا

ڕۆژی ٢٠١٩/١/٣١ سی و دوو ساڵ بەسەر کۆچی ناوادەی سەرکردە ئیدریس بارزانی تێپەڕی، لەکاتێکدا کە لە بەخشش و خەباتدا هێشتا بەردەوام بوو، گەلی کوردستان و پارتی و شۆڕش ئەوپەڕی پێویستییان بەو تێکۆشەرە بوو، کە هەر لە سەرەتای ژیانیەوە هاتە نێو کۆڕی خەبات و بەرخۆدانەوە، ئەو لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕی کوردپەروەر بوو، لە سایەی بارزانی-ی باوکەوە درێژەی بە خەبات دا، بۆیە مافی ئەم سەرکردانەیە بەسەرمانەوە، تەنانەت ئەرکی سەرشانیشمانە بەرامبەر گەلەکەمان، بەتایبەتیش نەوەی تازە، کە ڕاستییەکانی مێژووی بزووتنەوەکەمانیان بۆ ڕوون بکەینەوە، هەروەها ئەوانەی کە ڕۆڵی ئەرێنییان هەبوو لە بەهێزکردنی ئەو بزووتنەوەیەو لەپێناو بەرژەوەندییەکانی گەلدا قوربانییان داوە، کاکە ئیدریس-یش یەکێکە لەو سەرکردانە.

ئاشنایەتیم لەگەڵ کۆچکردوو دەگەڕێتەوە بۆ ئایاری ١٩٦٧ لە کۆنفرانسی سیاسی و سەربازیی (کانی سماق)، کە من لە سەردانێکی فەرمیدا بووم بە سەرۆکایەتیی شاندێك لە(حزبی پارتیی چەپ)ی ئەوکاتە، کە سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی وتارێکی گرنگی تێدا خوێندەوە، لەم وتارەیدا باسی لە لایەنە سەرەکییەکانی ڕێبازەکەی کرد لەهەمبەر کێشە سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخی شۆڕش و پێشمەرگەو ڕەوشی حزب دوای جیابوونەوەکەی ٦٦، هەروەها پەیوەندیی پارتی لەگەڵ میللەتدا و مەسەلەی دیموکراسی لە عێراق و مافەکانی گەل لە کوردستاندا، دیداری دووەمم لەگەڵیدا لە حاجی ئۆمەران بوو لە ساڵی،١٩٧٠ دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ئۆتۆنۆمی، لەنێو خێوەتێکدا کە وەك نووسینگە و شوێنی کۆبوونەوەکان بوو، لە دەرەوەی شارۆچکەکە بە خزمەتی گەیشتم، کە لەوێ بووم، سەرۆك مسعود بارزانی تازە لە بەیروت گەڕابۆوە، ئاگاداری کردمەوە کە هەڤاڵانمان لەوێ بە تەواوی ئەرکی خۆیان جێبەجێ کردووە. لە ماوەی نزیکەی مانگێك لە مانەوەمدا لە دووەمین سەردان، میوانی بارزانیی نەمر بووم لە حاجی ئۆمەران، بەردەوام چاوم بە کاك ئیدریس دەکەوت و پێکەوە باسمان لە کێشە هاوبەشەکان و بارودۆخی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان دەکرد، بەتایبەتیش لە سووریا و تورکیا، کاك ئیدریس ئاگاداری وردەکاریی ڕووداوەکان بوو، بۆچوونە فیکری و سیاسییەکانی ڕوون و بەرچاو بوون، جیاوازیی فیکری لەنێوانماندا گرفت نەبوو لەوەی کە کۆك بین لەسەر زۆر کێشەی سەرەکی و بزووتنەوەی کوردایەتیدا، ئەو لە زۆر بۆنەدا سوپاسی دەکردین کە پشتیوانی بارزانیی نەمرو شۆڕشی ئەیلوول و پارتی بووین، کاتێکیش ناکۆکییەکان ڕوویانداو دابەشبوون هاتەئاراوە و شەڕی ناوخۆ بەرپا بوو، ئێمە هەر زوو هەڵوێستی خۆمان وەك چەپی نەتەوەیی دیموکراسی لە سووریا لەپاڵ ئەوان دووپات کردەوە، بەپێی توانا یارمەتیماندان، بەم جۆرە ڕووبەڕووی نەیارەکانمان بووینەوە لە سووریاو ئەوروپاو تورکیا، لەمەشدا سەرکردەکانی



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

پارتی دیموکراتی کوردستان باش ئاگادارن.

لە سۆنگەی وەفادارییەوە بۆساڵیادی ئیدریس مستەفا بارزانی، پێویستە بڵێین هەروەك ناسیومە کە کاك ئیدریس خەباتگێڕو مرۆڤێکی خاکی و پڕ چالاکی و تێگەیشتوو و زیرەك بوو، تەواوکەری ڕێبازەکەی باوکی بوو، چاکترین هاریکاری بوو، لەبەر ئەوەی بەرپرسی پەیوەندییە نەتەوەییەکان بوو، بۆیە بەردەوام پەیوەندیمان پێکەوە هەبوو، بە تەواوی دەرکی بە کێشەی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکرد، پشتیوانی خەباتی براکانی بوو، دواجاریش کە چاوم پێی کەوت لە تەڕابلوسی لیبیا بوو لە ساڵی ١٩٨٣، دوای دابڕانێکی چەند ساڵە بەهۆی نسکۆی ١٩٧٥ و نەخۆشی و وەفاتی بارزانیی نەمر، لەوێ بەشداریمان کرد لە (کۆنگرەی میللی گشتی) لەگەڵ نوێنەرانی هێزو حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی عەرەبی، خەم و خەفەت و داخ و کەسەر بە ڕوویەوە دیار بوو، هاوشێوەی ئامادەبووان لە کوردانی دیکەی عێراق و سووریا لە دوادانیشتنی کۆنگرەکەدا، کاتێ نوێنەرانی سووریا (محەمەد حەیدەر) و جەزائیر (عەبدولقادر حەجار) ڕەتیانکردەوە کە بەندێك بخەنە نێو بەیاننامەی کۆتایی تایبەت بە دۆستایەتیی کوردو عەرەب، تا ڕادەی هەڕەشەو کشانەوە، بۆیە بەیاننامەکە وێڕای هەوڵێکی زۆری جەللودو نوێنەرانی ڕێکخراوی ڕزگاریخواز و یەمەنی باشوور بێ ئاماژەکردن بە وشەی (کورد) بڵاوکرایەوە.

پێش بەستنی کۆنگرە بە ڕۆژێك لە کافتریای ئوتێلی (ئەلزیوف) لە تەڕابلوس بە ڕێکەوت چاوم بە کاك فازڵ میرانی کەوت، دوای چاکوچۆنی هەواڵی دامێ کە کاك ئیدریس لێرەیە، پێکەوە چووینە ژوورەکەی و زۆر بە گەرمی و بەم دەستەواژەیە بەخێرهاتنی کردم: (سەلاح بە خوا غەدرمان لێت کرد) مەبەستی لەمەدا مەسەلەی کۆنفرانسی ناوپردان بوو بۆ یەکخستنی کوردانی سووریا، کە هەردوولای کردە یەك (چەپڕەو کە لەگەڵ شۆڕش بوو)و (ڕاستڕەو کە نەیار بوو)، منیش سوپاسم کرد کە تێگەیشتم مەبەستی چی بوو، من بە مافی خۆم گەیشتم، چونکە واتایەکی زۆر لەم قسەیەدا هەبوو، دواتر باسی گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکانمان کرد بۆ دۆخی جاران بە ئامادەبوونی بەڕێزان: فازڵ میرانی و دکتۆر ڕۆژ نوری شاوێس و سەعید بارزانی و پیرۆت ئیبراهیم، جارێکی دیکە هەستم بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی و ڕێزگرتنی ئەم سەرکردە گەورەیە کرد لەهەمبەر هەڤاڵانی کە ئەمەش هەڵقوڵاوی خەسڵەتەکانی بارزانیی نەمرە.

بۆیە من پێموایە کە کەسانی ناودار، نموونەی ئیدریس بارزانی شایانی ئەوەن لە ئاست ڕێبازی خەبات و تێکۆشانی هەڵوەستە بکەین، کۆڕو سیمینار دەربارەی سەرجەم قۆناخەکانی ژیانی سازبکەین، هەموو بەڵگەنامەکانی هاوسەردەمانی ئەو کۆبکرێنەوە، بۆ ئەوەی نەوەی تازە سوودیان لێ ببینێت، دواجار لە هەموو شوێنێکدا لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی خەباتمان هەمیشە بەپاکی و بێگەرد بمێنێتەوە.



پڕۆفیسۆر شێرزاد نەجاڕ
لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا:

# کاریزمای بارزانی دەتوانێت ناسنامەی دەستووری بۆ کوردستان دروست بکات

# ئەگەر ناسنامەی دەستووریمان نەبێت ناسنامەی هاوبەشی نیشتمانیش بوونی نابێت

پرسی دەستووری هەرێمی کوردستان و تاوتوێکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو دەستوورە، هەروەها ئەو گوشارانەی کە رێگر بوون لەوەی گەلپرسی لە سەر دەستووری هەرێمی کوردستان بکرێت، هاوکات شەن و کەوی ناسەقامگیری لە بیروبۆچوونی حزبە سیاسیەکان و هۆکارەکانی، تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار پسپۆڕ لە زانستە سیاسییەکان و یاسای دەستووری پێکدەهێنن. ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە هەر لەم دیدارەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە چەندین فاکتەر هەن مسعود بارزانی دەکەنە ئەو کاریزمایەی کە دەتوانێت پێکەوەسازان لەناو هێزە سیاسییەکان و سەقامگیریی دەستووری لە کوردستاندا دروست بکات.

*** سەرەتا لەو پرسیارەوە دەست پێ دەکەین، ئایا گرنگیی دەستوور بۆ دەوڵەت، یان هەر کیانێکی سیاسی چییە؟**

- پێش ئەوەی باس لە گرنگیی دەستوور بکەین، گرنگە چەند پرسیارێك لە خۆمان بکەین، ئایا پێگەی دەستوور بۆ کیانی سیاسی و دەوڵەت چییە؟ ئایا دەستوور ئامرازە، یان ئامانجە؟ بێگومان دەستوور خۆی ئامرازێکە بۆ رێکخستنی کاروباری دەسەڵات، هەروەها ئەرکی ئەو دەسەڵاتانە دیاری دەکات کە لەناو دەوڵەت، یان کیانی سیاسیدا پیادە دەکرێن. ئەمە مانای ئەوەیە لەناو دەوڵەت، یان کیانە سیاسییەکە دەسەڵاتمان هەیە (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری)، هەروەها دامەزراوەمان هەیە، بۆیە پرسیار ئەوەیە ئەم دەسەڵات و دامەزراوانە چۆن دەتوانن لە چوارچێوەی دەوڵەتدا پێکەوە کاربکەن؟ ئەوا لەم حاڵەتەدا پێویستمان بە ئامرازێك هەیە ئەو دەسەڵاتانەمان بۆ دیاری بکات، بۆ ئەوەی هەر لایەك لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا پێکەوە کاربکەن، ئەم ئامرازەش دەستوورە کە ئەو دەسەڵاتانەی تێدا دیاری کراوە، کەواتە فەلسەفەی دەستوور، فەلسەفەی دەسەڵاتی سیاسییە بۆیە پرۆژەی نووسینەوەی دەستوور بریتی نییە لەوەی لیژنەیەك دابنرێت و ئەندامانی ئەو لیژنەیە دەستوورەکە بنووسنەوە.. لە پرۆژەی نووسینەوەی دەستوور بیروبۆچوونی سیاسیی دێتە ناو دەستوورەکە، ئایا ئەو بیروبۆچوونە سیاسییانە هی کێن؟ بێگومان ئەم بیروبۆچوونانە هی ئەندامانی ناو لیژنەکە نین، بەڵکو بیروبۆچوونی دەسەڵاتی سیاسییە، هی ئەو لایەنە سیاسییانەن کە هێزی گەورەیان لەبەردەستدایە و ئەو کیانە هەڵدەسووڕێنن، ئەو کیانەش پێویستی بە رێکخستن هەیە، ئەم رێکخستنەش پێویستی بە پێکەوەسازان و تەوافقی نێوان ئەو هێزانە هەیە، بەڵام لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە ناکرێت فەرامۆشی بکەین، ئەویش ئەوەیە: مەرج نییە هەموو دەستوورێك نووسراو بێت، واتە ئەگەرچی بەشی هەرە زۆری دەستووری دەوڵەتەکان نووسراوە، بەڵام دەوڵەتیش هەیە دەستوورەکەی نەنووسراوە، بۆ نموونە بەریتانیا کە دەستووری نووسراوی نییە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەی چۆن کاروباری ئەو دەوڵەتە گەورەیە رێکخراوە چۆن و دەسەڵاتەکان دەتوانن پێکەوە کار بکەن؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بەوە دەدرێتەوە کە بەریتانیا دیکۆمێنتێکی تەواوی یاساکان هەیە کە کاروبارەکانی رێکخستووە. لەناو دەوڵەتی فیدراڵیدا جیا لەوەی دەوڵەتە فیدراڵییەکە دەستووری خۆی هەیە، لە هەمانکاتدا رێگە بە هەرێمە فیدراڵییەکانیش

**بارزانی وەزعەکەی لە بازنەی تەنگژە دەرهێنا بۆ بازنەی چارەسەرکردن و ئاکامەکانیشی بەدەرکەوتوون**

**چەندین فاکتەر هەن مسعود بارزانی دەکەنە ئەو کاریزمایەی کە دەتوانێت پێکەوەسازان لەناو هێزە سیاسییەکان و سەقامگیریی دەستووری لە کوردستاندا دروست بکات**

**کاک نێچیرڤان بارزانی لەم دووساڵەی دواییدا کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی وەرگرت، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی بەباشی بەکارهێناو توانی کوردستان لە لێواری لەبەریەک هەڵوەشان رزگار بکات**

دراوە کە دەستووری خۆیان هەبێت، بۆ ئەوەی لەکاتی پێکەوە کارکردندا کێشە روونەدات.

*** ئایا ئێمە وەك هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، دەستوورمان پێویستە، یان پێویستمان نییە؟**

- بەڵێ، پێویستمانە، بەڵام دەستوورەکەمان مەرجدارە بەوەی کە نابێت هاودژی لەگەڵ دەستووری عێراقدا دروست بکات، بۆ ئەوەی ئەو دەستوورەشمان هەبێت، ئەوا دەبێت پێش دارشتنی دەستوورەکە پێکەوەسازان و تەوافق لەناو هێزە سیاسییەکاندا دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو تەوافقە لەناو دەستوورەکەدا رەنگ بداتەوە.. ئەگەر سەیری دەستووری دەوڵەتان بکەین، دەبینین هەندێك دەوڵەت کە دیکتاتۆرێك حوکمرانی کردووە، دەستووری نووسیوەتەوەو پێویستی بە تەوافقی سیاسی نەبووە، بەڵام ئەگەر دەوڵەتەکە دیموکراتی بێت و فرەیی سیاسی هەبێت، ئەوە پێش دارشتنی دەستوورەکە دەبێت تەوافقی سیاسی لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا بوونی هەبێت، ئەو تەوافقەش دەبێت لەسەر ئەوە بێت چۆن ئەم هێزە سیاسییانە پێکەوە ئەم کیانە سیاسییە بەرێوە دەبەن و چۆن رێکی دەخەن.

*** بەڵام ئەوە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٢٧ ساڵە حوکمرانی دەکرێت و دەستووریشمان نییە، ئایا نەبوونی دەستوور چ کاریگەرییەکی هەبووە؟**

- راستە حوکمرانی کراوە، بەڵام حوکمرانییەکەمان کەموکورتی هەبووە، کەموکورتییەکەش ئەوە بووە کە لە ماوەی ئەو ٢٧ ساڵەدا تەوافقی سیاسی لەنێوان هێزە سیاسییەکان نەبووە، لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ جۆرێك لە تەوافقی سیاسی دروست بوو، کە توانرا لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٩ تەوافق بکرێت، ئەو تەوافقەش رەنگدانەوەی بیروبۆچوونی هەموو حزبەکان بووە لەناو دەستوورەکەدا.

*** ئەی باشە بۆ ئەو دەستوورە راپرسی لەسەر ئەنجام نەدراو پەسەند نەکرا؟**

- دوو فاکتەری گرنگ بوونە ئاستەنگ بۆ ئەوەی راپرسی لەسەر دەستوور ئەنجام نەدرا، یەکەمیان: فاکتەری دەرەکی کە گوشارێکی زۆری کرد بۆ ئەوەی ئەو دەستوورە راپرسی لەسەر نەکرێت، فاکتەری دووەم: لەبەر ئەوە بوو، ئەو تەوافقەی لەنێوان لایەنە سیاسییەکان بوو، کێشەی تێکەوت، یەکێك لە هێزە سیاسییە گەورەکان کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، پێشتر تەوافقی هەبوو، بەڵام لەناو خۆی حزبەکە کێشەی بۆ دروست بوو، بەمەش بەشێك لە بیروبۆچوونە سیاسییەکان گۆڕان و پێویستی کرد، ئەو بیروبۆچوونە گۆڕاوانەش بێتەوە ناو دەستوورەکە، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش پرۆژەی دەستوور هەنگاوی زۆر گەورە و گرنگی بڕیبوو، تەنیا ئەوەندەی مابوو کە گەلی کوردستان دەنگی لەسەر بدات، پێویستیش بوو راپرسییەکە بکرێت، بەڵام بەداخەوە نەهێڵدرا دەنگی لەسەر بدرێت، بەمەش ئیرادەی میللەت پێشێل کرا. بەڵام نەدەبوو ئیرادەی میللەت پێشێل بکرێت، بۆ ئەوەی بزانین ئایا میللەت دەستوورەکە پەسەند دەکات، یان رەتی دەکاتەوە. ئەگەر پرۆژەی دەستوورەکە لەسەر بنەمای دەستووری کاتی بنووسرایە، ئەوا لەبەر ئەوەی تەوافقی سیاسی لەسەر کرابوو، پێویستی بەوە نەدەبوو بدرێتە راپرسی، لەم حاڵەتەدا دەستوورێکی کاتیمان دەبوو، دەشمانتوانی کار بۆ دەستوورێکی هەمیشەیی بکەین.

*** هەموو پسپۆڕانی دەستوور جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەستوور کاتێك نێردرا بۆ راپرسی، ئیدی هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت ئەو دەستوورە بگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام لە کوردستان گەڕێندرایەوەو پاشانیش بڕیاردرا دەستوورێکی تازە بنووسرێتەوە، ئایا ئەمە تاچەند یاسایی بوو؟**

- ناتوانرێت دەستوور بگێردرێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام لە هەرێم بە بڕیارێك گەڕێندرایەوە بۆ پەرلەمان و بڕیارەکەش نایاسایی بوو، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، نە پەرلەمان و نە هیچ دەسەڵاتێك ئەو مافەی نەمابوو دەستوور بگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان، چونکە پرۆژەی دەستوور درابوو بۆ راپرسیی میللەت و تەنیا پێویستی بەوە بوو کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن رۆژێك دیاری بکات بۆ راپرسی لەسەر دەستوورەکە، بەڵام نەکرا و ئەو غەدرەیان لە میللەت کرد.

*** ئەو زیانانە چین کە هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسی لە نەبوونی دەستوور کردوویەتی؟**

**ئەگەر سەرۆکی هەرێم لە ناو خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، سەرۆکیکی بەهێز دەبێت، بەڵام ئەگەر لەناو پەرلەمان هەڵبژێردرێت، ئەو هێزە نابێت کە لە بەرێوەبردنی قەوارە سیاسییەکەدا دەربکەوێت**

**مەرج نییە هەموو دەستوورێک نووسراو بێت، واتە ئەگەرچی بەشی هەرە زۆری دەستووری دەوڵەتەکان نووسراوە، بەڵام دەوڵەتیش هەیە دەستوورەکەی نەنووسراوە، بۆ نموونە بەریتانیا کە دەستووری نووسراوی نییە**

**دەبێت پێش دارشتنی دەستوورەکە پێکەوەسازان و تەوافق لەناو هێزە سیاسییەکاندا دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو تەوافقە لەناو دەستوورەکەدا رەنگ بداتەوە**

**دوو فاکتەری گرنگ بوونە ئاستەنگ بۆ ئەوەی راپرسی لەسەر دەستوور ئەنجام نەدرا، یەکەمیان: فاکتەری دەرەکی کە گوشارێکی زۆری کرد بۆ ئەوەی ئەو دەستوورە راپرسی لەسەر نەکرێت، فاکتەری دووەم: لەبەر ئەوە بوو، ئەو تەوافقەی لەنێوان لایەنە سیاسییەکان بوو، کێشەی تێکەوت**

- زیانی گەورە ئەوەیە کە سەقامگیریی دەستووریمان نەبووە، ئەمەش بەو مانایەی کاتێك کێشەیەکی سیاسی، یان یاسایی دروست دەبێت، دەستوورمان نییە کە بگەڕێینەوە بۆی، هەتا کێشە سیاسییەکە، یان یاساییەکە چارەسەر بکەین. لە وڵاتان کە کێشەیەك دەبێت، دەستوور ڕێگەچارەسەری کێشەکان دیاری دەکات، بەڵام کە دەستوور نەبوو، بیروبۆچوونی جێگیرت نابێت، بەتایبەتی ئەگەری گۆڕانکاری لە بۆچوونە سیاسییەکان دێتەئاراوە کە پەیوەندی بە بیروبۆچوونی حزبە سیاسییەکانەوە هەیە، بیروبۆچوونی حزبەکانیش بەپێی بەرژەوەندیی حزبەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمە پێمان دەڵێت: کە دەستوور نەبوو، لەئەگەری ئەوەدا دەژین بیروبۆچوونەکان بەپێی بەرژەوەندیی حزبەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، کە ئەمەش ڕوویدا، سەقامگیریی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکان نامێنێت و کار و هەڵسووڕانی دەوڵەت کەموکورتی تێدەکەوێت، لەم حاڵەتەشدا کیانە سیاسییەکە دوچاری ناسەقامگیریی پەرلەمانی و حکومەت دەبێت، کە ئەمەش ڕوویدا، ئیدی بڕیارەکان چۆن دەردەچن؟ بێگومان بەپێی بەرژەوەندی و ئەو گۆڕانکارییە دەبێت کە لە بۆچوونی حزبەکاندا دێتەئاراوە.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨، (٤٥) کورسیی پەرلەمانی بەدەستهێناوە و حزبی یەکەمە بۆ پێکهێنانی حکومەت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە دەبێت لەم خولەی پەرلەماندا دەستوورێکی تازە بۆ کوردستان دابنرێت، ئایا دەستووری تازە کاتێکی زۆری ناوێت، بەتایبەتی کە تەوافقی سیاسیش لە نێوان حزبەکاندا ئاسایی نییە؟**

- بە بۆچوونی من پڕۆژەی دەستووری ٢٠٠٩ پڕۆژەیەکی گرنگ و ڕێکوپێکە (تەنیا یەك هەنگاوی گرنگ مابوو بۆ چەسپاندنی، ئەویش وەرگرتنی ڕای میللەت بوو)، لەوانەیە بە هۆی گۆڕانکاری لە بۆچوونی هێزە سیاسییەکان تەنیا هەندێك لە ماددەکانی دەستوورەکە پێویستییان بە هەموارکردنێکی بچووك هەبێت، بۆیە بەپێی واقیعی سیاسیی هەرێم دەکرێت ئەو پڕۆژەی دەستوورە جارێکی دیکە بدرێتەوە بە هێزە سیاسییەکان، ئەگەر حزبەکان بیانەوێت دوو سێ ماددە هەموار بکرێنەوە، ئەوا هەموار دەکرێنەوە. پێشنیاری من ئەوەیە دووبارە پڕۆژەی دەستووری ٢٠٠٩ پێداچوونەوەی پێدا بکرێت و حزبە سیاسییەکان ئەو ماددانەی کە دەیانەوێت هەموار بکرێنەوە، دیارییان بکەن. واتا پێویست ناکات سەرلەنوێ دابنیشن و دەستوورێکی نوێ بنووسرێتەوە، چونکە نووسینەوەی دەستوور ئاڵۆزییەکی زۆر دروست دەکات و لەوانەیە کاتێکی زۆریشی بوێت و تەوافقیش ئاسان نابێت.

*** بەپێی پڕۆژەی دەستووری ٢٠٠٩ وا هاتووە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لەناو خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، بەڵام ئێستا دووبارە بڕیار دراوە لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، ئایا ئەمە چ مانایەکی هەیە؟**

- ئەمە مانای ناسەقامگیریی لە بیروبۆچوونی حزبە سیاسییەکاندا هەیە. لەکاتێکدا زۆر پێویستە حزبە سیاسییەکان لەسەر پرسە گەوهەرییەکان ڕۆژانە بیروبۆچوونەکانی خۆیان نەگۆڕن، گرنگە سەقامگیرییەکی فیکری بەتایبەتی لەسەر پرسی دەوڵەتداری هەبێت. پرسی دەوڵەت وەك ئایدیۆلۆژیەت نییە کە دینامیکیەتی هەبێت، دەوڵەت، یان قەوارەی سیاسی پێویستی بە سەقامگیری هەیە، بۆیە دەبێت بیروبۆچوونەکان سەبارەت بە سەقامگیریی قەوارەی سیاسی جێگیر بن. هەر بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٨٧ەوە دەستوورەکەیان سەرۆکایەتییە، هەتا ئێستا نەیانگۆڕیوە و ناشیگۆڕن، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم گۆڕینە پێویستی بە هەموارکردن هەیە و سیستەمە سیاسییەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، لەمەدا مەبەستم ئەوەیە کاتێك دەڵێن سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، ئەمە سیستمێکە، یان کە دەڵێن سەرۆکی هەرێم لە ناو خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، ئەویش سیستمێکی دیکەیە، هەروەها ئەگەر سەرۆکی هەرێم لە ناو خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، سەرۆکیکی بەهێز دەبێت، بەڵام ئەگەر لەناو پەرلەمان هەڵبژێردرێت، ئەوا ئەو هێزە نابێت کە لە بەڕێوەبردنی قەوارە سیاسییەکەدا دەربکەوێت، بۆیە ئەگەر بەمجۆرە بێت، ئەوا دەبێت سیستمی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستان لە نیمچە پەرلەمانی و نیمچە سەرۆکایەتییەوە بگۆڕین بۆ سیستمێکی پەرلەمانی، ئەمەش تەوافقێکی دیکەی سیاسی

**پڕۆژەی دەستوور هەنگاوی زۆر گەورە و گرنگی بڕیبوو، تەنیا ئەوەندەی مابوو کە گەلی کوردستان دەنگی لەسەر بدات، پێویستیش بوو ڕاپرسییەکە بکرێت، بەڵام بەداخەوە نەهێڵدرا دەنگی لەسەر بدرێت، بەمەش ئیرادەی میللەت پێشێل کرا**

**ناتوانرێت دەستوور بگێردرێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام لە هەرێم بە بڕیارێک گەڕێندرایەوە بۆ پەرلەمان و بڕیارەکەش نایاسایی بوو**

**کاتێک کێشەیەکی سیاسی، یان یاسایی دروست دەبێت، دەستوورمان نییە کە بگەڕێینەوە بۆی، هەتا کێشە سیاسییەکە، یان یاساییەکە چارەسەر بکەین**

**کە دەستوور نەبوو، لەئەگەری ئەوەدا دەژین بیروبۆچوونەکان بەپێی بەرژەوەندیی حزبەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، کە ئەمەش ڕوویدا، سەقامگیریی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکان نامێنێت و کار و هەڵسووڕانی دەوڵەت کەموکورتی تێدەکەوێت**

پێویسته، هەر ئەمەش فەوزایەکی سیاسی و دەستووری لە هەرێمی کوردستان پیشان دەدات و پێمان دەڵێت کوردستان ماوەی ٢٧ ساڵە حوکمڕانی دەکات، هەتا ئێستاش سەقامگیریی وەرنەگرتووە. بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا کەی سەقامگیری لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا دروست دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە کە سەقامگیریی قەوارە سیاسییەکە پێویستی بە بیروبۆچوونی سەقامگیر هەیە، ئەوجا هەر حزبێکی سیاسی بەپێی بەرژەوەندیی خۆی بیروبۆچوونەکانی بگۆڕێت و بیەوێت سیستمەکە بگۆڕێت، ئەوا ئەمە دەبێتە کێشەیەکی گەورە، بۆیە ئەو بیروبۆچوونە جێگیرانەی کە تەوافوقیان لەسەر دەکرێت لەناو دەستوورەکە بوونی هەیە، گۆڕینی ئەم بیروبۆچوونانەش (کە مەبەستم هەموارکردنی دەستوورەکەیە) بە جۆرێك زەحمەت کراوە، کە بە ئاسانی نەتوانرێت هەموار بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەقامگیریی دەوڵەت و قەوارەی سیاسی پێویستییان بە بیروبۆچوونی جێگیر هەیە، بەڵام دوای ئەمانە لە چوارچێوەی دەستوورەکەدا وتووێژ چەند دەکرێت، ئەمەیان کارێکی ئاساییە، چونکە کێشەی سەرەکی لە سەقامگیریی دەوڵەت، یان قەوارە سیاسییەکەدایە. بۆیە ئەم گۆڕانکارییە دیسان جارێکی دیکە پێویستی بە تەوافقی سیاسی دەبێت کە ئەمە کارێکی ئاسان نابێت.

*** بەڵام یەکێتی و گۆڕان لەگەڵ پارتی لە دانوستاندن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ تەوافقیان دروست کردووە، کەواتە بۆچی زەحمەتە؟**

- راستە دانوستاندن کراوە، بەڵام وردەکاریی زۆر ماوە تەوافقی لەسەر بکەن، بۆ نموونە دەسەڵاتەکانی سەرۆك چەند دەبن، بە چ دەسەڵاتێك کاری خۆی دەکات، ئەمانە ماون.

*** ئایا دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم ساڵی ٢٠٠٥، لەبەر ئەوەی لە ٢٠٠٥ سەرۆك لە پەرلەمان هەڵبژێردراوە؟**

- گریمان گەڕانەوە بۆ ئەو یاسایەی ساڵی ٢٠٠٥، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو ئەو ئیشانەی کردوومانە پووچەڵ دەکرێتەوە. واتە جارێکی دیکە گەڕاینەوە بۆ ناسەقامگیری، بۆیە کاتێك من دەڵێم سەقامگیریمان نییە، ئەمە بەو مانایە دەڵێم کە ئێمە ناسنامەی دەستووریمان نییە (constitutional identity)، ئەمەش کاریگەری لەسەر ناسنامەی نیشتمانی (national identity)یمان دەبێت، لەبەر ئەوەی ناسنامەی دەستووری و نیشتمانی پێکەوە گرێدراون، پێویستە ناسنامەی نیشتمانی لەناو دەستوورەکەدا بوونی هەبێت.

*** ئەگەر ناسنامەی دەستووری نەبوو، واتە ناسنامەی نیشتمانی بوونی نابێت؟**

- کاتێك تۆ ناسنامەی نیشتمانیت هەبێت، ئەوا پێویستە ئەو ناسنامەیە لەناو دەستوورەکە رەنگدانەوەی هەبێت، هەر بۆیە کاتێك لە ناو دەستوورەکە ناسنامەی نیشتمانی نەبوو، مانای وایە ئێمە ناسنامەی هاوبەشمان نییە، کاتێك ناسنامەی هاوبەش نەبوو، ئەوا ئەمە پێی دەڵێن پارچە پارچە بوون لە ناسنامەی نیشتمانی، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر قەوارە سیاسییەکە و میللەتەکە دابەش دەبێت.

*** ئایا دەستوور دەتوانێت ئەو پارچانە جارێکی دیکە پێکەوە کۆبکاتەوە؟**

- بەڵێ، کاتێك پارچەبوون روودەدات، دەبێت بگەڕێین بەدوای ناسنامەیەکی دەستووریدا. هەر بۆ نموونە چی ئەمریکای کرد بە ئەمریکایەکی یەکگرتوو؟ بێگومان ئەوراقی فیدراڵی کە دەستوورەکەیان پێ دانا، فەرەنسا دوای دەردەسەرییەکی زۆر لە سیستمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی، ژەنراڵ دیگۆل لەساڵی ١٩٥٨ لە میانەی کۆماری پێنجەمدا توانی یەکگرتوویی لە فەرەنسا دروست بکات، ئەڵمانیا لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی، ناسنامە نیشتمانییەکەی نازی بوو، بەڵام هێزە سیاسییەکان توانییان ناسنامەیەکی نوێ بۆ ئەڵمانیا دروست بکەنەوە، ئێمەش لە کوردستان دەبێت هەوڵبدەین ناسنامەیەکی دەستووری بۆ خۆمان دروست بکەین، کە ئەمەمان کرد، واتە ناسنامەی نیشتمانیمان بەدەستهێناوە.

*** ئایا دەتوانین هەرێمی کوردستان بەو دەوڵەتانە بەراورد بکەین؟**

- لە بەراوردکردنەکە کێشەمان بۆ دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوان دەوڵەتن و ئێمە قەوارەیەکی سیاسین، بەڵام دەکرێت سوودیان لێ وەربگرین، فەرەنسا لە کۆماری چوارەمدا کێشەی ناسەقامگیریی حکومەتیان هەبوو، ئێستا لە ئیتالیا ئەم کێشەیە هەیە، ئەم ناسەقامگیرییە فەرەنسای زۆر لاواز کردو زۆریش زیانی

**پێشنیاری من ئەوەیە دووبارە پرۆژەی دەستووری ٢٠٠٩ پێداچوونەوەی پێدا بکرێت و حزبە سیاسییەکان ئەو ماددانەی کە دەیانەوێت هەموار بکرێنەوە، دیارییان بکەن**

**زۆر پێویستە حزبە سیاسییەکان لەسەر پرسە گەوهەرییەکان رۆژانە بیروبۆچوونەکانی خۆیان نەگۆڕن، گرنگە سەقامگیرییەکی فیکری بەتایبەتی لەسەر پرسی دەوڵەتداری هەبێت**

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٨٧ـەوە دەستوورەکەیان سەرۆکایەتییە، هەتا ئێستا نەیانگۆڕیوە و ناشیگۆڕن، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم گۆڕینە پێویستی بە هەموارکردن هەیە و سیستمە سیاسییەکە هەڵدەوەشێنێتەوە**

پێگەیاند. بەڵام لە ساڵی ١٩٥٨، ژەنراڵ دیگۆل توانی بیروبۆچوونەکانی خۆی فەرزبکات و لە دەستوورەکەدا بیچەسپێنێت، پاشانیش دەستوورەکە خرایە راپرسی و پەسەند کرا و بەمجۆرە ناسەقامگیری لە فەرەنسا کۆتایی هات. ئەمە چیمان فێردەکات؟ بێگومان فێرمان دەکات کە ناسەقامگیری پێویستی بە کاریزمایەک هەیە و ئەو کەسە دەتوانێت قەناعەت بە حزبە سیاسییەکان بهێنێت و بیروبۆچوونی خۆی فەرز بکات بەوەی پێویستە سەقامگیریی دەستووریمان هەبێت، بۆیە ئەم سەقامگیرییە پێویستی بە کەسێکی بەهێزە بۆ ئەوەی بیروبۆچوونەکانی بێنێتە ناو دەستوورەکە.

*** ئایا بارزانی لە ئێستادا دەتوانێت ئەو کاریزمایە بێت و سەقامگیریی دەستووری بۆ کوردستان دروست بکات؟**

- بەڵێ، کاک مسعود بارزانی دەتوانێت ئەو کارە بکات و چەند فاکتەرێک هەن کە ئەو دەکەنە ئەو کاریزمایەی کە دەتوانێت سەقامگیریی دەستووری لە کوردستان دروست بکات، ئەو فاکتەرانەش بریتین:

١. بارزانی فاکتەری کەسیی خۆی هەیە کە پێشمەرگە و خەباتگێر بووە.

٢. فاکتەری مێژوو کە خاوەنی مێژوویەکی دێرینە.

٣. بارزانی لەناو حوکمرانی بووە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە و لەماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا تەنگژەی گەورە هەبوون و توانیویەتی بەرێوەیان ببات، یان کوردستانی لە تەنگژەکە تا رادەیەکی گەورە رزگار کردووە.

لە سەرووی ئەم فاکتەرانەشەوە بارودۆخەکەش لەبارە بۆ ئەوەی ئەو رۆڵە بگێڕێت. هەر بۆ نموونە ئێستا تەنگژە هەیە و خۆی بۆتە داینەمۆی ئەو جووڵانەی بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکە لەئارادان و بەو بیروبۆچوونەی خۆیەوە هاتۆتە ناو بارودۆخەکە و جووڵە بە بارودۆخەکە دەکات، هەر بۆ نموونە بەم دواییە سەردانی بەغدای کرد و توانی کۆمەڵێک رێککەوتن بکات و پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدای هێورکردەوە بەرەو پەیوەندییەکی باشتر لە جاران و دەتوانین بڵێین بارزانی وەزعەکەی لە بازنەی تەنگژە دەرهێنا، بۆ بازنەی چارەسەرکردن و ئاکامەکانیشی بەدەرکەوتوون وەک پرسی پشکی کوردستان لە بودجەی عێراقدا، بۆیە چۆن لە چارەسەری تەنگژەی نێوان هەرێم و بەغدا پێویستمان بە کاریزمایەک هەبوو کە ئەو کاریزمایە تەنگژەکەی لە چەقبەستنەوە بەرەو چارەسەرکردن برد، لە پرسی ناسەقامگیریی دەستووری و نەبوونی ناسنامەی دەستووریی هەرێمی کوردستانیش، دیسان پێویستمان بەو کاریزمایە هەیە و کاک مسعود بارزانی لێهاتووە و دەتوانێت قەناعەت بە لایەنەکان بکات و بیروبۆچوونەکانی بکاتە خاڵی هاوبەشی نێوان هەمووان.

*** دوای مسعود بارزانی، نێچیرڤان بارزانی کە دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کەسی دووەم دەبێت لەناو کۆی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و عێراقدا، ئایا تاچەند نێچیرڤان بارزانی دەتوانێت بیروبۆچوونەکانی بارزانی جێبەجێ بکات؟**

- کاک نێچیرڤان بارزانی وەک دەوڵەتمەدارێک ئەو توانایەی هەیە و دەتوانێت بەسەرکەوتوویی جێبەجێیان بکات، هەروەها لەماوەی ئەو ساڵانەی سەرۆک وەزیرانی کوردستان بووە، توانی لێهاتوویی خۆی بسەلمێنێت و بیروبۆچوونەکان بە باشی هەزم بکات، بێگومان ناتوانین بڵێین هیچ دەوڵەتمەدارێک لە ١٠٠٪ سەرکەوتوو بووە، بەڵام دەتوانین بڵێین کاک نێچیرڤان بارزانی لە ٨٠٪ی تێپەڕاندووە، لەم دووساڵەی دواییشدا کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمیشی وەرگرت، بینمان دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی زۆر بە رێکوپێکی بەکارهێناو توانی کوردستان لە لێواری لەبەریەک هەڵوەشان رزگار بکات. بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە لێهاتوویی دەوڵەمەتدار لە کوێدا دەردەکەوێت؟ بێگومان لە تەنگژەدا، لەو کاتەی دەوڵەت دەگاتە حاڵەتی لەبەریەک هەڵوەشانی سیاسی، لەم بارودۆخەدا دەوڵەمەتدار چۆن بالانسەکان رادەگرێت، هەر بۆیە ئەگەر سەیری دووساڵ پێش ئێستای هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین بە کردەیی لەسەر لێواری لەبەریەک هەڵوەشانی سیاسی بووە، بەڵام کاک نێچیرڤان ئەم لەبەریەک هەڵوەشانەی گێڕایەوە و ئەمەشی بۆ حیساب دەکرێت، لەبەر ئەوەی بە کاریزمای خۆی، بەو سیاسەتەی کە پیادەی کرد، توانی ئەو لەبەریەک هەوەشانە سیاسییە رابگرێت و وردە وردە دووری بخاتەوە.

**کاتێک پارچەبوون روودەدات، دەبێت بگەڕێین بەدوای ناسنامەیەکی دەستووریدا. هەر بۆ نموونە چی ئەمریکای کرد بە ئەمریکایەکی یەکگرتوو؟ بێگومان ئەوراقی فیدراڵی کە دەستوورەکەیان پێ دانا**

**ئەڵمانیا لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی، ناسنامە نیشتمانییەکەی نازی بوو، بەڵام هێزە سیاسییەکان توانییان ناسنامەیەکی نوێ بۆ ئەڵمانیا دروست بکەنەوە، ئێمەش لە کوردستان دەبێت هەوڵبدەین ناسنامەیەکی دەستووری بۆ خۆمان دروست بکەین، کە ئەمەمان کرد، واتە ناسنامەی نیشتمانیمان بەدەستهێناوە**

**کاک نێچیرڤان بە کاریزمای خۆی، بەو سیاسەتەی کە پیادەی کرد، توانی ئەو لەبەریەک هەوەشانە سیاسییە رابگرێت و وردە وردە دووری بخاتەوە**

# ئەفسانەی خەلافەت

لە ساڵی ١٩٢٢ نامەیەك بە زمانی توركی لە ئەستەنبوڵ بە ناوی (خەلافەت و سوڵتانی نەتەوە) بڵاوكرایەوە، عەبدولغەنی سنی بێگ لە ساڵی ١٩٢٤ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، دیارە هەمان وەرگێڕ كتێبێكی هەیە بە ناوی (جیاكردنەوەی سوڵتاننشینی و خەلافەت)، ئامانجیش لە بڵاوكردنەوەی ئەم نامەیە دەستپێك بوو بۆ دوو شت كە مستەفا كەمال ئەتاتورك ئەنجامیان بدات، یەكەمیان خێرا، ئەوی دیكە درەنگتر، ئەوەی خێرا، بریتی بوو لە گۆڕینی خەلافەت بۆ سوڵتاننشینی، بۆیە ئەمە لە هەمان ئەو ساڵە روویدا كە نامەكەی تێدا بڵاوكرایەوە، ئەمەش لە ناونیشانی نامەكەدا دیاربوو، ئامانجی دووەمیش كە ستراتیژییە، بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت، ئەمەش دوای دوو ساڵ هاتەدی، كاتێ لە ساڵی ١٩٢٤ خەلافەت هەڵوەشایەوە، توركیاش دەوڵەتی عەلمانی لەسەر بنەماكانی یاسای سویسری راگەیاند، ئەتاتورك بە دیدێكی سووكایەتیپێكردنەوە دەیڕوانییە خەلافەت بەوەی كە هۆكاری دواكەوتنی توركیایە، ئەو ویستی لە هەموو شتێك دووری بخاتەوە كە پەیوەندیی بە ئایینەوە هەبێت، بۆیە دەستیكرد بە دژایەتیكردنی ئەوەی كە پەیوەستە بە ئایین، ئایینی بە كەلاشێكی بۆگەن چواند، پێیوابوو كە ئەم ئەزموونە شكستخواردووە، واتا خەلافەتی ئیسلامیی عوسمانی پەیوەندیی نییە بە تۆرانییەكانی توركەوە و ئەزموونێكە لە عەرەبەوە گواستراوەتەوە، چونكە عوسمانییەكان لە میسرەوە گواستوویانەتەوە دوای ئەوەی لە ساڵی ١٥١٦ دەوڵەتی مەمالیكیان لە میسر و شام رووخاند، بەم شێوەیەش میسر بوو بە بەشێك لە خەلافەتی عوسمانی دوای ساڵێك واتا لە ساڵی ١٥١٧، ئەمەش پێچەوانەی كۆدەنگیی زانایانی موسڵمان بوو لە كاتی خۆیدا، بە شێوەیەك كە نابێت خەلافەت لە دەست توركدا بێت، بەڵكو تایبەتە بە عەرەبی قورەیش بە فەرموودەی پێغەمبەر (دخ): (ئیمامەكان لە قورەیشن)، بەڵام ئەوان قۆستیانەوەو مەرامی سیاسی و مێژوویيان پێ بەدەستهێناوە، بۆیە زانای هیندی شا وەلییەڵڵا دەهلۆیی ناڕازی بوو عوسمانییەكان خەلافەت رابگەیەنن و خەلیفە دابنێن، یەكەم جاریش لە ساڵی ١٧٧٤ بوو كە لەلایەن عوسمانییەكانەوە زاراوەی (خەلیفە) بەكارهێنرا، بەڵام دواجار زانا هیندییەكە بێدەنگی لێكرد، كاتێ لاوازیی دەسەڵاتی مەغۆل و هێزی هیندۆس و دڕندایەتیی بەریتانیای لە هیندستان بینی، عوسمانییەكان بەدرێژایی حوكمڕانییان كە چەندین سەدە بەردەوام بوو، هیچ ئاشتییەكیان نەدیوە، مەگەر تەنیا هەشت ساڵ لەنێوان ساڵانی (١٤٥٠-١٧٠٠)، خەلافەتی شەڕوشۆڕو داگیركاریی جیهان بوو، وێڕای ستەمكاریی ئایینی كە گەلانی موسڵمان دوچاری ببوون، بۆیە دوای ئەوەی عەبدولڕەحمان كەواكبی لە میسر ساڵی ١٨٩٩ كتێبی (طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد)ی نووسی و تێیدا رەخنەی لە سیاسەتی ستەمكارانەی عوسمانییەكان گرت، كە هۆكاری تێكچوونی جیهانی ئیسلامی بوو، كوردیش زۆربەی ئەو مەینەتییەیان

**خوای گەورە دەوڵەتی دادپەروەر سەردەخات هەتا ئەگەر كافریش بێت، دەوڵەتی ستەمكاریش سەرناخات هەتا ئەگەر بڕوادار بێت، بیرمەندی ئێرانی میرزاغا خان كرمانی دەڵێت: سوودی چییە گریان بۆ حوسێن، ئەگەر دادپەروەریی راستەقینە بۆ هەژاران لەئارادا نەبێت**



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە عوسمانییەکانەوە چەشت، بەتایبەتیش مەینەتییەکانی میرنشینە کوردییەکان، سوڵتان مەحمودی دووەم لە ساڵی ١٨٧٨دا میرانی کوردی لەکار لابردو لە شوێنی ئەوان میری تورکی دانا، دیارترین مەینەتی و نەگبەتیش بۆ کورد لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بوو لە ساڵی ١٩١٤ کە وەك هەموو گەلانی دنیا داوای مافی رەوای گەلی کوردی دەکرد .

دوای ئەوەی خەلافەتی عوسمانی هەڵوەشایەوەو دوای ساڵێك واتا لە ١٩٢٥دا شێخی ئەزهەر عەلی عەبدولڕەزاق نامە مشتومڕلەسەرەکەی بە ناوی (ئیسلام و بنەچەکانی حوکمڕانی) بڵاوکردەوە، مەبەست لە بڵاوکردنەوەی ئەم نامەیە، وەستان بوو دژی گێڕانەوەی خەلافەت بۆ میسر، چونکە هەندێ زانای موسڵمان لە میسر ئەوکاتە پێیانوابوو کە میسر لەپێشترە لە تورکیا بۆ خەلافەت، چونکە خەلافەتی عەرەبی و میسرییە و دەبێ یەکسەر دوای هەڵوەشاندنەوەی لەلایەن ئەتاتورکەوە بگێڕدرێتەوە، نامەکەی شێخ عەلی عەبدولڕەزاق فیکری بوو، ئەو پێیوابوو کە خەلافەت بنەمایەکی ئایینی نییە، بەڵکو پرسێکی سیاسیی ئیدارییە، بۆیە پێویستە ئایین لەم زاراوە سیاسییانە، کە ئامانجی هەندێ بەدی دێنێت، ئازادبکرێت. ئەزموونێکی شکستخواردووە و دواکەوتوویی بۆ جیهانی ئیسلامی هێناوە، کارۆلین فۆریست باس لە مەرامی ئەو کەسانە دەکات کە دژی خەلافەت بوون، لەوانەش شێخ عەلی عەبدولڕەزاق کە دەڵێت: ئەوان ئاواتەخوازبوون پێش هەموو شتێك کە سیستەمێکیان هەبێت، ئیسلام تێیدا نەبێتە دەستگەمەی سیاسەتوانان، بەڵکو تەنیا پارێزگاریی لە یەك لایەن بکات، ئەویش لایەنی رۆحییە، لێرەدا شێخی ئەزهەر لەلایەن زۆربەی شێخەکانی ئەزهەرەوە بە توندی دژایەتی کرا، تا لەکار لایان برد، نامەکەیشی دەستی بەسەرداگیرا. ئەوکاتە شا فوئاد پێیوابوو کە شێخ ئەم نامەیەی دژی ئەو نووسیوە، تاکو نەبێتە خەلیفە، چونکە شای ناوبراو زۆر پەرۆش بوو کە خەلافەت لە تورکیاوە بگوازرێتەوە بۆ میسر، بۆ ئەوەی ببێتە خەلیفەی موسڵمانان، بەتایبەتیش دوای ئەوەی شەریف حوسێن لەمەدا شکستی هێنا، کاتێ بەریتانیا دەستبەرداری بوو، چونکە خەلافەت لە تورکیا بە تەواوی هەڵوەشابووەوە، ئەوانەی پشتگیریی بانگەوازەکەی شێخ عەلی عەبدولڕەزاقیان دەکرد، کە خەلافەت نەگوازرێتەوە، بریتی بوون لە لوتفی سەیدو تەها حوسێن و محەمەد حەسەن هەیکەل و زۆر بیرمەندی دیکە، بەڵام لە بەرامبەردا چەند کەسێك هەبوون کە پشتگیریی گێڕانەوەی خەلافەتیان دەکرد لەوانە مستەفا سەبری و محەمەد رەشید رەزاو حەسەن بەننا، بەڵام کاتێ عەبدولڕەزاق سەنهوری بابەتەکەی دەربارەی خەلافەت لە ساڵی ١٩٢٧ بڵاوکردەوە، واتا پێش سەرهەڵدانی ئیخوان بە ساڵێك، پێشنیاری کرد کە پەرەی پێبدرێت و ببێتە رێکخراوێك وەك کۆنگرەی ئیسلامی، پێش ئەوانیش جەمالەدین ئەفغانی کە بانگەوازی دەکرد بۆ کۆمکاری عەرەبی، دوای نامەکەی سەنهوری بە ساڵێك، واتا لە ساڵی ١٩٢٨،

**سوڵتان مەحمودی دووەم لە ساڵی ١٨٧٨دا میرانی کوردی لەکار لابردو لە شوێنی ئەوان میری تورکی دانا، دیارترین مەینەتی و نەگبەتیش بۆ کورد لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بوو لە ساڵی ١٩١٤ کە وەک هەموو گەلانی دنیا داوای مافی رەوای گەلی کوردی دەکرد**

**راشد عەنووشی دەڵێت: «کردەوەکانی خومەینی و حەسەن بەننا و مەودودی لە کۆتاییدا هەر یەک شتن.»**

**خەلافەت لە راستیدا بریتییە لە دەوڵەتێکی ئایینی، دەوڵەتی ئایینیش لەسەر وەحیی پاک وەستاوە، بە واتایەکی دیکە دەوڵەتی ئایینی پشت بە دەقەکانی ئایین دەبەستێت لە بچووکیانەوە تا گەورەیان، ئەمەش وەدی نایەت مەگەر بەدەستی ئەو کەسە کە وەحی بۆ بێت**

**عەلەوییەکان لە ساڵی ٢٠٠٦دا داوایان لە پەرلەمانی تورکیا کرد، شوێنێکیان بۆ پەرستن بۆ دیاری بکات، بەڵام داواکەیان رەتکرایەوە، لەگەڵ ئەوەی کە داواکەیان رێکەوت بوو لەگەڵ ماددەی (١٠)ی دەستووری تورکیا، هەمان شتیش لە ئەزموونی ئێراندا هەیە، کۆماری ئیسلامییە، بەڵام دەبینین تایەفەی سوننە لە مەینەتیدا دەژی**

کۆمەڵی ئیخوان موسلمین بە سەرۆکایەتیی حەسەن بەننا دامەزرا، ئامانجی سەرەکیی ئەم کۆمەڵەش گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی بوو، بۆیە دەبینین کە لە ئەلفوبێی ئەو کۆمەڵە فۆکس خستنەسەر رابردووی دێرینیان بوو، ئەوان بە چاوی رێزو گەورەییەوە دەیانڕوانییە خەلافەتی عوسمانی، زۆربەی کتێبەکانیشیان لەسەر خەلافەت بوو، ئەوان داوایان لە شا فاروق کرد، حزبە سیاسییەکانی میسر هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە فرەیی نەتەوەی ئیسلام پەرت دەکات، کار گەیشتە ئەوەی وێنەی شا فاروق-یان بڵاوکردەوە کە تەسبیحێکی بەدەستەوە بوو، ئاماژە بوو بۆ سەرکەوتنی ئیخوان بەسەر حزبەکانی شەیتان بەپێی رێکخراوی فیکریی خۆیان، دواتر ئەبو ئەعلای مەودودیی پاکستانی هەمان رێچکەی گرت و دواتریش سەید قوتب، خومەینیش ئەم رێچکەیەی گرت، هەرچەندە شیعەش بوو، کاتێ شۆڕشی لە ساڵی ١٩٧٩ بەرپاکرد، ئەم بیرۆکەیەی لە کتێبەکەیدا-حکومەتی ئیسلامی- بەرجەستەکرد، بەڵام ویلایەتی فەقیهیی شیعەی لەجیاتی خەلافەتی سوننە بەکارهێنا، راشد عەنووشی دەڵێت: «کردەوەکانی خومەینی و حەسەن بەننا و مەودودی لە کۆتاییدا هەر یەك شتن.»

بۆ زانیاریش گێڕانەوەی خەلافەت، یان راگەیاندنی خەلافەت ئامانجی بنەڕەتیی هەموو ئیسلامییەکانە، بەڵام هەر بزووتنەوەیەك، یان کۆمەڵێك رێگەی تایبەتیی خۆی بۆ وەدیهێنانی هەیە، خەلافەت لە راستیدا بریتییە لە دەوڵەتێکی ئایینی، دەوڵەتی ئایینیش لەسەر وەحیی پاك وەستاوە، بە واتایەکی دیکە دەوڵەتی ئایینی پشت بە دەقەکانی ئایین دەبەستێت لە بچووکیانەوە تا گەورەیان، ئەمەش وەدی نایەت مەگەر بەدەستی ئەو کەسە کە وەحی بۆ بێت، ئەویش پێغەمبەر(دخ)یە، تەنانەت دەوڵەتی پێغەمبەریش(دخ) ئایینی نەبووە، بەڵکو پشتی بەستووە بە زۆر ئیجتهادیی مرۆڤەوە، بە هەمان شێوە تایبەت بە خەلیفەکانی راشیدین، ئەوانیش ئایینی نەبوون، بەڵکو دەوڵەتی مەدەنی بوون بە زاراوەی سەردەم، بە زاراوەی کۆنیش دەوڵەتی دادپەروەری شەرعی، بەم شێوەیەش تایبەت بە دەوڵەتانی دیکە کە دواتر دامەزران، وەك دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسی و مەمالیك و مەغۆل و عوسمانی و موەحیدەکان، بانگەواز بۆ گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی، بانگەوازە بۆ نەهێشتنی فرەیی ئایینی و ئایینزایی و فیکری، چونکە ئەوەی داوای دامەزراندنی دەکات، لەسەر بنەمای ئایینێك و ئایینزایەك و تایفەیەکی دیاریکراو دایدەمەزرێنێت، بەمەش فرەیی ئایینی و ئایینزایی لەبەین دەبات، بۆیە دەبینین دەوڵەتی تورکیا لەسەردەمی ئۆردوغان بۆ نموونە ناتوانێت ئەزموونەکەی بە خەلافەت ناوزەدبکات، لەگەڵ ئەوەی کە ئومێد دەخوازێت ببێتە خەلیفەی موسڵمانان، هەندێ جاریش وەك ئەمە هەڵسوکەوت دەکات، تەنانەت ئەزموونەکەی ناوناوە عەلمانیی ئیسلامی، وەك کۆکردنەوەیەکی نێوان ئەو خەلافەتەی بڕوای پێی هەیە لەگەڵ عەلمانییەت کە بڕوای پێی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین تایفەی عەلەوی رووبەڕووی پەراوێزخستن و پشتگوێخستن دەبێتەوە لە فەرمانگەکانی دەوڵەت، بۆیە عەلەوییەکان لە ساڵی ٢٠٠٦دا داوایان لە پەرلەمانی تورکیا کرد، شوێنێکیان بۆ پەرستن بۆ دیاری بکات، بەڵام داواکەیان رەتکرایەوە، لەگەڵ ئەوەی کە داواکەیان رێکەوت بوو لەگەڵ ماددەی (١٠)ی دەستووری تورکیا، هەمان شتیش لە ئەزموونی ئێراندا هەیە، کۆماری ئیسلامییە، بەڵام دەبینین تایەفەی سوننە لە مەینەتیدا دەژی، بۆیە لە تاران هیچ مزگەوتێکی سوننە نابینیت، بەڵکو دەستووری ئێران لە ماددەی (١٢)دا رێگە بە کوردی سوننە نادات، ببێتە سەرۆك کۆمار، واتە دەبێ تەنیا فارس و شیعەو باوەڕهێنەر بێت بە ولایەتی فەقیە کە خومەینی لە کتێبەکەیدا کردی بە تیۆر، ئەم مامەڵە تایفەگەرییە بە درێژایی مێژووی ئەو دوو دەوڵەتە هەر هەبووە.

کارین ئارمستۆرنگ دەڵێت: لێنەبووردەیی تایفەگەری خەسڵەتێکی باو بووە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویدا، هەر وەهاش دەوڵەتانی دیکە کە بانگەشەی ئیسلام دەکەن و شەریعەت جێبەجێ دەکەن، ئەمانە ناکرێ ببنە دەوڵەتی دیموکراسی و فرەیی و مەدەنی، چونکە لەسەر بنەمای ئایینزایی و ئایینی دامەزراون، زانراویشە کە ئایین شتێکەو

ئایینزاش شتێکی دیکەیە، ئەوەی پەیوەستە بەو دەقانەی دەربارەی خەلافەت هاتوون، ناکرێ پشتیان پێ ببەسترێت بۆ بینادنانی تیۆری فیکری و سیاسی، چونکە نزیکترن لە دەقە مێژووییەکان کە بۆ قۆناخێکی دیاریکراو و بەدیهێنانی چەند مەبەستێکی دیاریکراو داڕێژراون.

کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕژێمی سەدام رووخا، عێراق پڕبوو لە گرووپگەلێکی تەکفیری، دیارترینیان ئەلقاعیدە بوو بە سەرۆکایەتیی ئوسامە بن لادن، ئەلقاعیدە ئەم وڵاتەی هەڵبژارد، تاکو ببێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ قایمکردنی کۆڵەگەکانی دەوڵەت، دوای ئەمەش سەرکردایەتیی ئەم ڕێکخراوە گواسترایەوە بۆ ئەبو حەمزە ئەلموهاجر دوای کوشتنی زەرقاوی لە ٢٠٠٦دا، هەروەها چەند گرووپێکی دیکەی تیرۆریست لە عێراقدا هەن کە لە ژێر ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق بە سەرۆکایەتیی ئەبوعومەر بەغدادی کۆبوونەوە، بەڵام ئەبو حەمزەو ئەبوعومەر لە ساڵی ٢٠١٠ بە بۆردومانی ئەمریکا کوژران، دوای ساڵێکیش واتا لە ٢٠١٢ بەرەی نوسرەی ئەبو موحومەد ئەلجۆلانی ئەلسووری پەیدابوو، کە بەیعەتی بە ئەلقاعیدە دا، ئەبوبەکر بەغدادی هەوڵی دا، گرووپەکەی خۆی و گرووپەکەی ئەلجۆلانی پێکەوە کۆبکاتەوە، بەڵام شکستی هێنا، بۆیە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)ی لە ساڵی ٢٠١٣ دامەزراند، دوای ماوەیەك و لە کۆتاییشدا خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاند، لەترسی ئەوەی نەبادا یەکێکی دیکە ڕاببگەیەنێت، بەتایبەتیش ئەبو محەمەد ئەلجۆلانی، بۆ ئەوەی بەیعەتی پێ بدرێت و ببێتە خەلیفەی موسڵمانان، کە خەلافەتی خوێن و کاولکاری و تاڵان و گەندەڵی و دواکەوتن و خاپوورکردن بوو، تا دواجار رووخا، ئەم بیرۆکەیە لە مێشکی زۆر گەنجدا دەمێنێتەوە، چونکە هەندێ زانا فیتوا دەدەن و دەوڵەمەندەکانیش خەرج دەکەن و دەوڵەتانیش پشتگیریی دەکەن، ئاسانە تیرۆریستان لەناوبەریت، بەڵام ئاسان نییە ئەو فیکرەیە بسڕیتەوە کە لەنێو گەنجاندا بڵاوبۆتەوە.

ئێستا ئێمە لە سەردەمی تەکنەلۆجیاو نوێخوازی و گلۆبالیزم و پەرەسەندنی سەیردا دەژین، پێویستە لەگەڵیدا ڕێ بکەین، چونکە شتێکی لۆژیک نییە کە لەم پەرەسەندنە دابڕێین، وەك لافاو وایە کە ناکرێ بەری پێ بگرین، هەر وەك خەیرەدین تونسی باسی دەکات، بۆیە بیرمەندانی ئیسلام بە واقعییەتێکی تەواوەوە مامەڵەیان لەگەڵ چەمکی دەوڵەت کردووە، چونکە مەبەست لە دامەزراندنی دەوڵەت بەدیهێنانی دادپەروەری و بەرژەوەندییەکانی خەڵکە، بۆیە کاتێ تەهتاوی باسی یاسای فەرەنسی کرد، کە لویسی هەژدەم دایمەزراندبوو، گوتی: هەندێ شتی تێدایە کە عەقڵمەندان نکوڵی لێ ناکەن کە دادپەروەرییە، ئەم شێوەیەش راوبۆچوونی محەمەد رەشید رەزا و شێخ محەمەد عەبدە بوو لە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کولتووری رۆژئاوادا، دەکرێ سوود لە هەر کولتوورێکی مرۆیی وەربگرین ئەگەر دادپەروەری بەدی بهێنێت، هەتا ئەگەر بەشێکیش نەبێت لە کولتووری خۆمان، دەوڵەتی مەدەنی کە زانایانی ئەزهەر و زۆر لە بیرمەندان پشتیوانیی دەکەن، دەبێ ببێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، هاوکات رزگاربوون لە دەوڵەتی تایفەگەری کە رق و کینە و کاولکاری و گەندەڵیی بۆ کۆمەڵگەمان هێنا، خوای گەورە دەوڵەتی دادپەروەر سەردەخات هەتا ئەگەر کافریش بێت، دەوڵەتی ستەمکاریش سەرناخات هەتا ئەگەر بڕوادار بێت، بیرمەندی ئێرانی میرزاغا خان کرمانی دەڵێت: سوودی چییە گریان بۆ حوسێن، ئەگەر دادپەروەریی راستەقینە بۆ هەژاران لەئارادا نەبێت، خوای پەروەردگاریش لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: {وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ} واتا ئەم زەوییە بەندەی چاکخواز بە میراتی دەگرن، نەیفەرمووە بەندەی موسڵمان، ئەوانە لەپێشترن کە سەرکردایەتیی دنیا دەکەن، خوای گەورە دەیەوێت کە دادپەروەری لەسەر زەوی بۆ بەندەکانی بەرپابێت، بەچاوپۆشیی لەوەی کێ بەدیی دێنێت، کوفرو دادپەروەری پێکەوە بەردەوام دەبن، بەڵام ستەم و ئیسلام پێکەوە بەردەوام نابن، ئەمە سوننەتی خوایە لەسەر زەوی ئەم سوننەتەش ناگۆڕدرێت.

**دەستووری ئێران لە ماددەی (١٢)دا رێگە بە کوردی سوننە نادات، ببێتە سەرۆک کۆمار، واتە دەبێ تەنیا فارس و شیعەو باوەڕهێنەر بێت بە ولایەتی فەقیە کە خومەینی لە کتێبەکەیدا کردی بە تیۆر**

**ئێمە لە سەردەمی تەکنەلۆجیاو نوێخوازی و گلۆبالیزم و پەرەسەندنی سەیردا دەژین، پێویستە لەگەڵیدا ڕێ بکەین، چونکە شتێکی لۆژیک نییە کە لەم پەرەسەندنە دابڕێین**

**کوفرو دادپەروەری پێکەوە بەردەوام دەبن، بەڵام ستەم و ئیسلام پێکەوە بەردەوام نابن، ئەمە سوننەتی خوایە لەسەر زەوی ئەم سوننەتەش ناگۆڕدرێت**



د. ئاراس قادر خۆشناو
سەرۆکی سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەو ستراتیژیی کوردستان بۆ گوڵان:

# پێدەچێت حکومەتی عێراق بە ناردنی بودجە بۆ هەرێمی کوردستان پابەند بێت

# کاتی ئەوە هاتووە بەرەو قۆناغی گەشەکردن و بووژاندنەوە بچین

**لەدوای پەسەندکردنی بودجە و جێگیرکردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان پێشبینی باشبوونی بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان دەکرێت، بەتایبەتی ئەگەر بێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك چاکسازی ئەنجام بدات. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی پەیوەندار، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر ئاراس خۆشناو سەرۆکی سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان کرد.**

*** ماوەیەکی زۆرە سەنتەرەکەی ئێوە کار لەسەر چاکسازیی کارگێڕیی حکومەت دەکات، ئایا تاچەند توانیوتانە پرۆژەیەکی گشتگیر بۆ چاکسازیی کارگێڕی گەڵاڵە بکەن؟**

- سرووشتی ئێمە لە سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەو ستراتیژیی کوردستان چەند لایەنێك بووە، یەکێك لە لایەنەکان پەرەپێدانی کەرتی ئابووریی کوردستان بووە، هەروەها لایەنێکی دیکە دۆسیێی کارگێڕی بووە، کە لە ساڵانی ٢٠٠٧ـەوە لە قۆناغی جیاوازدا کار لەسەر ئەم دۆسیێیانە کراوە، چ بە شێوازی وۆرك شۆپ و سیمینار بێت، یان بە شێوازی توێژینەوە و کاری هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوەکانی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی، بۆ نموونە: کارەکانی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و شێوازەکانی دەستپێشخەریی کار و حکومڕانیی باش لەگەڵ سەنتەری پرۆژە نێودەوڵەتییە تایبەتەکان کە بارەگای سەرەکی لە واشنتۆنە و بە یەکێك لە گەورەترین سەنتەرەکانی توێژینەوەی ئابووری دادەنرێت. لەم بوارەوە لە سەر پەرەپێدانی کەرتی تایبەت لە ١١ سێکتەری ئەو کەرتە کارمان کردووەو بەرنامەیەکمان بەناوی (KBA) – ئەجیندای کارەکانی کوردستان – داناوە، تاوەکو شیکاریی تەواوی بارودۆخی ئابووریی کوردستان لە رووی ئەم سێکتەرانەوە بکەین و بزانین کێشەکانی چین و داتاو زانیاریی پێویست کۆبکەینەوە. دواتر لە ڕێگەی راگۆڕینەوە لەگەڵ شارەزایانی ئابووری و ئەکادیمی و کەرتی گشتی و تایبەت و خەڵکی پەیوەندیدار کارێکی هاوبەشمان ئامادە بکەین، کە ببێتە ئەجیندای کارو پوختەو کورتکراوەیەك بۆ بابەتەکە. لەم کارانەماندا باسی پرۆسەی کارگێڕی و پەرەپێدانی کارگێڕییش کراوە، بە حوکمی ئەوەی ئێمە لە جیهانێکی پڕ لە گۆڕانکاریی خێراو بەردەوامدا دەژین، ئابووری خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و کێبڕکێیەکی توندی تێدایە و براوەو مانەوە بۆ بەهێز و خێراکانە و ئەوانە سەرکەوتوو دەبن کە توانایەکی باشی خۆگونجاندنیان هەیە، ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر ئێمە لە کوردستان هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٧ بە سەرەوە، هەندێك یاسای نوێ دەرچوون کە کرانەوە بوو بە رووی هەموو جیهاندا، ئەمەش پێویستی بەوە بوو دەزگاکانمان لە رووی کارگێڕی و شێوازی کارکردن و فەلسەفەی گشتیی ئابوورییەوە لەگەڵ ئەو کرانەوەیە خۆی بگونجێنیت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەو پێیەی ئێمە تا ئێستا بەشێکین لە عێراق و پابەندی یاسا کۆنەکانی ئەو وڵاتەین و بەشێکی یاساکانیش دژی یاسای وەبەرهێنان بوون، بۆیە بۆ لێکۆڵینەوە روومان لەو وڵاتانە کرد کە لە مۆدێل و شێوازی کارکردنیاندا هاوشێوەی ئێمە بەم قۆناغەدا تێپەڕبوون. پرسیارەکەش ئەوە بوو: چی بکەین و چۆن خۆمان بگونجێنین و چی باشە لە کوردستان بیکەین؟ هەموو ئەمانە بە شێوازی پێشنیار بڵاومان دەکردەوەو هەندێکیشی

**لێکنزیکبوونەوەی هەرێم و بەغداو پاڵپشتیی جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ دکتۆر عادل عەبدولمەهدی و ئەو هەوڵە نێودەوڵەتییەی کە هەیە، وادەکات ئەمجارە بەغدا بە ناردنی بەشە بودجەی کوردستان پابەند بێت**

بەشێوەی راپۆرت دەدرایە لایەنە پەیوەندیدارەکان، کە بە خۆشحاڵییەوە هەندێك جار حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیی بە ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتانە دەداو، داوایان دەکرد لە راپۆرت و پێشنیارەکانماندا بەشدار بن، بۆ نموونە: لە لێژنەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر و لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیرانیش لەسەر شێوازی دانانی بودجە و بەرنامەی چاکسازی کە حکومەت داینا. کەواتە ئەوەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە پرۆسەی چاکسازی بەشێکی گرنگی ئەو کارانە بوو کە لێرەدا ئاماژەی پێ دەدەم: وەکو ئاشکرایە چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامە، چونکە لە جیهاندا گۆڕانکاریی خێرا و بەردەوام روو دەدات و هاونیشتمانیانی ئێمە چاوەڕوانی کاری زیاترن لە حکومەت، رۆژ لە دوای رۆژ سەقفی داواکاری و خواستەکانیان لە هەڵکشاندایە. ئەرکی حکومەتە کە لە پرۆسەی حکومڕانی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا هاووڵاتی بکاتە چەقی پرۆسەکە.

*** ئێوەساڵانە راپۆرتێك لەسەر کەموکوڕییەکانی حوکمڕانی ئامادە دەکەن، دەکرێت باسی میکانیزمی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەمان بۆ بکەن؟ مەبەستمان ئەوەیە ئایا کەموکورتییەکانی حوکمڕانی لە کوردستاندا زیاتر چ لایەنێك دەگرێتەوە؟**

- حوکمڕانیی باش بنەمای خۆی هەیە، ئێمە لە سەنتەرەکەمان هەوڵمانداوە لەنێوان ئەوەی لە کوردستان روو دەدات، لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی حوکمڕانیی باش و لەگەڵ رەچاوکردنی بارودۆخی کوردستان کە ئێمە بەشێکین لە عێراق بەراوردێك بکەین، راستە لە زۆر کار و بوارادا بەپێی پێویست شارەزایی باشمان نەبووە، بۆیە هەوڵمان دا کەموکووڕییەکان و خاڵە لاوازەکان و بەهێزەکانیش دەستنیشان بکەین و توێژینەوەی ستراتیژییانەی ژینگەی کار لە کوردستان بکەین، بە بەردەوام خاڵە لاوازو بەهێزەکانی حوکمڕانیی کوردستانمان لەگەڵ دەستنیشانکردنی دەرفەت و هەڕەشە دەرەکییەکان و کاریگەرییان لەسەر ژینگەی کوردستان دەستنیشان دەکرد. دواتر دەمەوێت ئەوە بڵێم کە تەنیا پلاندانان بەس نییە، بەڵکو دەبێت بۆ بەدواداچوون و چاودێریکردنی جێبەجێبوونیان کاری جددی بکرێت.

*** سێکتەری نەوت، گرنگترین سێکتەری ئابووریی کوردستان و عێراقیشە، بە حوکمی ئەوەی کار لەسەر چاکسازی دەکەن، ئایا هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ چۆنیەتی ئیدارەدانی ئەم لایەنە و لە پێناو بەرەوپێشبردنی پێویستە چی بکرێت ؟**

- سیاسەتی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان وابووە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٩ کاری بۆ سەربەخۆیی دارایی خۆی کردووە، ئەمەش بە سوودوەرگرتن لەو دەرفەتە دەستوورییەی کە لە ماددەی (١١٢)ی بڕگەی(١) لە دەستووری عێراقدا هاتووە، کە ئاماژە بەو کێڵگە نەوتییانەی ئێستا دەکات، واتە کێڵگە نەوتییە نوێیەکان دەکرێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر بکات، ئەمەش کارێکی باش و بڕیارێکی زیرەکانەو لۆژیکانە بوو، بڕیارێکی زۆر گرنگ بوو، ئێمە لە سەنتەرەکەمان بە هەموو شێوازێك لەگەڵ ئەو بڕیارە بووین و پاڵپشتیمان کرد، هاوکات کارێکی باش کراوە لە شێوازی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کە پێی دەوترا (پرۆدێکت شێرینگ ئەگریمێنت) – PSA- یان – PSC- کە یەکێك لە شێوازە هەرە باش و گونجاوەکان لەگەڵ واقیعی هەرێمی کوردستان بووە، ئەمە وەکو ئەوەی عێراق و وڵاتانی کەنداو نییە کە شێوازێکی دیکەیە لە گرێبەستە نەوتییەکان، کە پێی دەوترێت- سێرڤس کۆنتراکت – واتە گرێبەستی خزمەتگوزاری، بۆ نموونە: لە عێراق من کێڵگەیەکی نەوتیم بە توانای ١٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا هەیە و پارەشم هەیە، داوا دەکەم کێ بە چەند دەتوانێت ئاستی بەرهەمهێنانەکەم بۆ ٢٠٠-٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بۆ زیاد بکات، کۆمپانیاکان دێن و بە کەمکردنەوە کارەکەم بۆ ئەنجام دەدەن، ئەوان هیچ پەیوەندییان بە نرخی نەوتەوە نییە و هەقدەستی خۆیان دەوێت، بۆیە حکومەتی عێراق تەنیا لەم چەند ساڵەی دواییدا، لەو بوارەدا زیاتر لە ٧٠ ملیار دۆلاری خەرج کردووە و زۆر قەرزارە، گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان جیاوازن لە عێراق، ئێمە لە کوردستان دڵنیاین نەوت هەیە، بەڵام نازانین بە وردی لەکوێیە، بۆیە کۆمپانیاکان لە کوردستان کاری پشکنین و گەڕان ئەنجام دەدەن و دەریدەهێنن و دەیفرۆشن و لەدوای فرۆشتنەکەش لە بەشێکی بەرهەمی نەوتەکەدا هاوبەش دەبن، کە سەرەتا رێژەکەی لە

**دەبێت فەلسەفە و شێوازی بیرکردنەوەی کارکردنی کەرتی تایبەت بگۆڕین کە هەر بە دوای قازانجی خێرادا دەگەڕێت**

**لە ساڵی ٢٠٠٧ بە سەرەوە، هەندێک یاسای نوێ دەرچوون کە کرانەوە بوو بە رووی هەموو جیهاندا، ئەمەش پێویستی بەوە بوو دەزگاکانمان لە رووی کارگێڕی و شێوازی کارکردن و فەلسەفەی گشتیی ئابوورییەوە لەگەڵ ئەو کرانەوەیە خۆی بگونجێنێت**

**ئێمە لە کوردستان دڵنیاین نەوت هەیە، بەڵام نازانین بە وردی لەکوێیە، بۆیە کۆمپانیاکان لە کوردستان کاری پشکنین و گەڕان ئەنجام دەدەن و دەریدەهێنن و دەیفرۆشن و لەدوای فرۆشتنەکەش لە بەشێکی بەرهەمی نەوتەکەدا هاوبەش دەبن**

نێوان (٩٪ بۆ ١٥٪)یە تا دەگاتە خاڵی یەکسان بوون و کۆمپانیاکان بە مایەی خۆیان دەگەن، دواتر ئەو ڕێژەیە پێشتر دەدرا بە کۆمپانیاکان (٦٪)ی لێ دێتە خوارەوە و لەم ڕێژەیەش (٢٪)ی بۆ کۆمپانیای نەوتی کوردستان دەڕوات و لە (٢٪)ی دەبێتە شیرینی بۆ دەوروبەر دەچێت و (٢٪)یشی بۆ موڵکییەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە. بەمشێوەیە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بەراورد بە جۆرەکانی تری گرێبەست زۆر بە زیرەکی و لۆژیکانە دانراوە، هەر بۆیە لە ساڵی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ ئەوانەی ویستوویانە وەکو هەرێمی کوردستان ببنە خاوەن نەوتی خۆیان، گرێبەستە نەوتییەکانیان لەگەڵ کۆمپانیاکان بە شێوازی هەرێمی کوردستان لێ کردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بڕیارەکە و شێوازی گرێبەستە نەوتییەکان زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام دواتر لە ئیدارەدانی دارایی داهاتەکە و شێوازی ئیدارەدانی داهاتەکە پرسیار هەبوو. ئەوە بوو حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ڕاپۆرتی لەم ڕووەوە پێشکەش کرد، سەرەتا ڕاپۆرتەکانی دەوری بوو، پاشان بووە مانگانە و دواتریش لە ڕاپۆرتەکاندا زۆر وردەکاری دەکرا، کە من پێموایە ئەمە پێویست نەبوو، هەرچەندە ئەمە تەنیا لەبەر بارودۆخی سیاسیی کوردستان بوو، کە خەڵکی کوردستان دڵنیا بکرێتەوە لەوەی کە ئەو نەوتە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانە، نەك وەك ئەوەی هەندێك بانگەشەیان بۆ دەکرد، کە دەیانگوت نەوتەکە بۆ چەند کەسێکە و لە بەرژەوەندیی کوردستان بەکار نایەت.

*** سەبارەت بە بودجەی عێراق، ئێوە دەڵێن ئەو بودجەیەی کە عێراق دەینێرێت بۆ کوردستان ٩٪ تێپەڕ ناکات، بەڵام لایەنی عەرەبی عێراق دەڵێن، ئەوەی ئەمجارە بۆ مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە کراوە، ڕێژەکە دەباتەوە سەرووی ١٧٪، ئایا ئەوان مەبەستیان لە سەرووی١٧٪ چییە؟ ئێوەش کە دەڵێن ناگاتە ٩٪ مەبەستتان چییە؟**

- بودجە پلانی حکومەتە بۆ ساڵی داهاتوو کە بە زمانی ژمارەکان گوزارشتی لێکراوە، لە بودجەدا فەلسەفەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سیاسەتی دەوڵەت و بگرە ئەمنییشی تێدایە. ئەوەی لای ئێمە گرنگە باسکردنی بودجەی ئەمساڵە کە جگە لە تێبینییە شکڵییەکان هەندێك خەڵکیش بۆی هەیە سوودی لێوەربگرێت، بەڵام ئەو ژمارەو بودجەیەی ئەمساڵ لە پەرلەمانی عێراق ڕەزامەندیی لەسەر درا، بریتییە لە کۆی گشتی خەرجییەکان کە دەکاتە ١٣٣ تریلیۆن و ١٠٧ ملیارو ٦١٦ ملیۆن و ٤١٢ هەزار دینار، ئەگەر بکرێتە دۆلاری ئەمریکی نزیکەی ١١٢ ملیار دۆلار دەکات. ئەمەش بە یەکێك لە گەورەترین بودجەکانی عێراق و دووەم گەورەترین بودجە لە ناوچەکەدا دادەنرێت، هاوکات داهاتەکانی عێراق مەزندە دەکرێت بە ١٠٥ تریلیۆن و ٥٦٩ ملیارو ٦٨٦ ملیۆن و ٨٧٠ هەزار دینار، واتە بە کورتهێنانی ٢٧ تریلیۆن و ٥٣٧ ملیارو ٩٢٩ ملیۆن و ٥٤٢ هەزار دینار، هاوکات نرخی نەوتیش هەر بەرمیلێکی بە ٥٦ دۆلار هەژمار کراوە و حیسابی ئەوە کراوە عێراق بتوانێت ٣ ملیۆن و ٨٨٠ هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشێت، کە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتەکەی کوردستانی لەگەڵدایە، لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە ساڵی ڕابردوو عێراق لە ڕۆژێکدا ٣ ملیۆن و ٨٨٠ هەزار بەرمیل نەوتی فرۆشتووە، هەر بۆیە بۆی هەیە ئەمساڵ ئەم ڕێژەیە زیاتر بکات، بەتایبەتی بەپێی ڕاپۆرتی مانگی یەکی ئەمساڵ، تێبینی دووەم کورتهێنانی بودجەیە کە چۆن بتوانرێت ئەمساڵ چارەسەر بکرێت، ئەمەش بەم شێوەیە:

١- نرخی نەوت لەو نرخەی دانراوە زیاتر بێت.

٢- لە ڕێگەی ئەو قەرزە ناوخۆیی و دەرەکییانەی عێراق لە ئەمساڵدا وەریدەگرێت، کە دەگاتە ١١ تریلیۆن دینار واتا ١٠ ملیار دۆلار.

٣. بەرزکردنەوەی سەقفی فرۆشتنی نەوت کە عێراق دایناوە ئەم بڕەی ئێستا زیاتر بەرز بکاتەوە.

هەروەها سەرەڕای ئەو ١٣٤ ملیار دۆلارەی عێراق کە ئێستا قەرزارە، دەیەوێت بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە قەرزی دیکەش بکات، کێشەی ئێمە لەوەدایە کە بڕگەیەك لە بودجەی عێراقی هەیە، دەڵێت: حیسابکردنی خەرجیی پشکی هەرێمی کوردستان و پشکەکانی دیکە لە خەرجیی ڕاستەقینە دەبێت، واتە چەندی خەرج دەکەیت، نەك چەند پشکی لە بودجە بۆ دانراوە، ئێستا خەرجییەکان بەمشێوەیە دانراوە کە ١٣٣ تریلیۆن بێت، لەمەش بۆی

لە ساڵی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ ئەوانەی ویستوویانە وەکو هەرێمی کوردستان ببنە خاوەن نەوتی خۆیان، گرێبەستە نەوتییەکانیان لەگەڵ کۆمپانیاکان بە شێوازی هەرێمی کوردستان لێ کردووە

خەرجیی سیادی کراوەتە ١٠٩ بڕگە لە کاتێکدا کە لە ٢٠٠٧ تەنیا ٣١ بڕگە بووە، پشکی هەرێمی کوردستانیش کاتێك دەدرێت کە هەرچی خەرجیی سیادی و حاکیمە هەیە لێی دێتە دەرەوە

هیچ ساڵێك پشکی هەرێمی کوردستان لە ١٧٪ نەبووە و ئەمساڵیش کرایە ١٢,٦٧٪، کەواتە ئەو ژمارە و داتایانەی لە عێراقدا هەیە لە بەرژەوەندیی کورد نییە

هەیە خەرجی عێراقی بگاتە ١٠٠ تریلیۆن و لەم بڕەش ٤٨ تریلیۆنی بۆ خەرجیی حاکیمە و سیادی دانراوە، خەرجیی سیادی کراوەتە ١٠٩ بڕگە لە کاتێکدا کە لە ٢٠٠٧ تەنیا ٣١ بڕگە بووە، پشکی هەرێمی کوردستانیش کاتێک دەدرێت کە هەرچی خەرجیی سیادی و حاکیمە هەیە لێی دێتە دەرەوە، خەرجیی حاکیمەش ٥ بۆ ٦ بڕگەیە، هەر بۆیە هیچ ساڵێك پشکی هەرێمی کوردستان لە ١٧٪ نەبووە و ئەمساڵیش کرایە ١٢,٦٧٪، کەواتە ئەو ژمارە و داتایانەی لە عێراقدا هەیە لە بەرژەوەندیی کورد نییە، لەگەڵ ئەمەشدا لەلایەکی دیکەوە هەوڵێکی سیاسیی گەورە لە پشت بودجەی٢٠١٩ی عێراقدا هەبوو، کە دیوێکی سیاسی هەیە و سەردانی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ بەغداش کە یەکێك لە مەرج و داواکارییەکانی ئەوە بوو شایستە داراییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی بدرێت و نابێت مووچەی خەڵك و پێشمەرگە تێکەڵی ململانێ سیاسییەکان بکرێت، بۆیە لە ڕەشنووسەکە و لە کۆتاییدا ئەوە دانراوە کە ئەگەر هەرێمی کوردستان ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتەکەی بە سۆمۆی عێراق بدات، ئەوا نزیکەی ٨,٦ تریلیۆن دینارەکەی دەدرێتێ و لە خەرجیی حاکیمە و بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاو پترۆدۆلار پشکی هەیە، بە هەمووی خۆی لە نزیکەی ١٠,٧ تریلیۆن دینار دەدات، هاوکات بڕگەیەکی دیکە دانراوە کە دەبێت پشکی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە لە کێشەکانی نەوت دوور بخرێتەوە و بڕێك دانراوە کە مانگانە ٤٥٤ ملیار دینار بۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمەو ٦٨ ملیار دیناری دیکەی بۆ مووچەی پێشمەرگەیە، کە کۆی گشتی دەگاتە ٥٢٢ ملیار دینار، ئەگەر بەبێ پاشەکەوت دابەشی ٨٩٢ ملیار دیناری کۆی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بکرێت، واتا ٥٨,٥٪ی کۆی ئەو پارەیەی هەرێمی کوردستان پێویستیەتی، بەڵام ئەگەر هەرێمی کوردستان ئەو چاکسازییانە ئەنجام بدات کە ئێستا لە پەرلەمانە، بە بۆچوونی من زیاتر لە ١٧٠ ملیار دینار بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، ئەو کاتە ئەو ڕێژەیەی کە دانراوە بەشی ٧٠٪ی کۆی گشتیی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەکات و، دەکرێت ئەوی دی لە داهاتی ناوخۆ و پێترۆدۆلار و ئەو نەوتەی کە ڕادەستی سۆمۆی ناکات، جێگای بکاتەوە. بۆیە ئەو سەردانەی جەنابی سەرۆك بارزانی و ئەو هەوڵ و فشارە سیاسییە نێودەوڵەتییەی کە دروستی کردو لە حکومەتەکەی عەبادییەوە دەستی پێکراوە، ئەمە بەرهەمەکەی بوو.

*** بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا هەندێ کەس گوزارشت لە بێمتمانەیی و نادڵنیایی خۆیان دەکەن، بەوەی کە ڕەنگە بەغدا پابەند نەبێت بە ناردنی ئەم پارەیە، ئایا ئەم نادڵنیاییە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەکاتێکدا پەرلەمانی عێراق پەسەندی کردووە؟**

- ئەو نادڵنیاییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ساڵانی ڕابردوو یاساش هەبوو، ڕێژەش لە ١٧٪ بوو، کەچی بودجەی کوردستان نەدەدرا، بەڵام پێموایە لە ئێستادا دۆخێکی دیکە لەئارادایە، بەتایبەتی کە بارودۆخی سیاسیی ئێستای نێوان هەرێم و بەغداو ئەو لێکنزیکبوونەوەی نێوان هەردوو لا و پاڵپشتیی جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دکتۆر عادل عەبدولمەهدی و ئەو هەوڵە نێودەوڵەتییەی کە هەیە، وادەکات ئەمجارە بەغدا بە ناردنی بەشە بودجەی کوردستان پابەند بێت، هەر بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەدام کە هەرێمیش پابەندی ناردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتەکە دەبێت، بۆ ئەوەی ئێمە ئەو ١٠,٧ تریلیۆن دینارە بە تەواوەتی وەربگرین، هەرچەندە بە تێبینی ئەوەی پشکەکەمان ناگاتە ئەو ژمارەیەش، چونکە بە خەرجی ڕاستەقینە حیساب بکرێت و ببێتە ١٠٠ تریلیۆن لە بری ١٣٣ تریلیۆن دینارەکە ئەوا ڕێژەکە دێتە خوارەوە. بۆیە پێویستە ئێمە سەقامگیرییەکی دەروونی بۆ خەڵکی خۆمان دروست بکەین، کە ساڵانی ڕابردوو زۆر بارگرانی لەسەر بوو، ئیدی لەو قۆناخە دەرباز دەبین و بەرەو قۆناخی گەشەکردن دەچین، بەڵێنێکی ڕوونی نێودەوڵەتیش هەیە کە دەڵێت کوردستانێکی بەهێزمان دەوێت و پشتیوانی بۆ کابینەی داهاتووش هەیە، هاوکات لەئەنجامی لێکنزیکبوونەوەی ئێستای بەغداو هەولێریش وەبەرهێنان دەکرێت، لەم قۆناخەدا بەغداش پابەند دەبێت، بەڵام ئێمەش پێویستە جگە لە پلانی A پلانی B و C و D مان هەبێت و چەندین سیناریۆ لەبەردەمی خۆمان دابنێین و بە زووترین کات ئەم هەنگاوانە بگیرێتەبەر:

١. یاسای چاکسازیی شایستە داراییەکان لە

**ئەگەر هەرێمی کوردستان ئەو چاکسازییانە ئەنجام بدات کە ئێستا لە پەرلەمانە، بە بۆچوونی من زیاتر لە ١٧٠ ملیار دینار بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، ئەو کاتە ئەو ڕێژەیەی کە دانراوە بەشی ٧٠٪ی کۆی گشتیی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەکات**

**پێویستە ئێمە سەقامگیرییەکی دەروونی بۆ خەڵکی خۆمان دروست بکەین، کە ساڵانی ڕابردوو زۆر بارگرانی لەسەر بوو، ئیدی لەو قۆناخە دەرباز دەبین و بەرەو قۆناخی گەشەکردن دەچین، بەڵێنێکی ڕوونی نێودەوڵەتیش هەیە کە دەڵێت کوردستانێکی بەهێزمان دەوێت**

**پێویستە حکومەت ڕێکخەر و ئاراستەکردنی ڕەوشی ئابووری لە ئەستۆ بگرێت و کەرتێکی تایبەت و کاریگەر دروست بکات**




پەرلەمانی کوردستان دەربچێت.

٢. پێویستە لە رووی کارگێڕییەوە ئەنجومەنی وەزیران پێشوەخت ستراتیژییەتی هەر وەزارەتێك دابنێت و رایبگەیەنێت کە کارنامەی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە دەبێت. واتە رابگەیەندرێت کە ئەمە ستراتیژیەت و دیدگای حکومەتە، وەزیرەکانیش دەبێت کەسانی شارەزا بن لە هەر حزبێك و لەگەڵ تیمێکی شارەزا پلانی جێبەجێکردن دابرێژن، نەك جارێکی دی ببێتەوە هۆی ئەوەی وەزارەتەکە کردوویەتی بیروخێنێت و سفری بکاتەوەو لە سەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە، ئەوەی هەیە چۆن لەسەر ئەو بنەمایە بونیاد بنرێت و تەواو بکرێت.

٣- لە رووی کارگێڕییەوە دووبارە پێویستمان بە پێناسەکردنەوەی وەزیفە دەبێت، ئەوەی دێتە ناو حکومەت و کار دەکات بەتایبەتی لە پلە تایبەتەکاندا، پێویستە شارەزاو بەتوانا بێت بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیەت و فەلسەفەو پلانی حکومەت.

پێویستە حکومەت رێکخەر و ئاراستەکردنی رەوشی ئابووری لە ئەستۆ بگرێت و کەرتێکی تایبەت و کاریگەر دروست بکات، بە مانای وشە کەرتی تایبەت بێت و پاڵپشتی بکرێت و یاسا و رێنماییە کۆنەکان هەموار بکرێنەوەو یاسای نوێ دەربکەین کە لەگەڵ قۆناغ و گۆڕانکارییەکاندا بگونجێن و رێگر نەبێت لە بەردەم فەلسەفەو شێوازی کارکردندا، هاوکات دەبێت فەلسەفە و شێوازی بیرکردنەوەی کارکردنی کەرتی تایبەت بگۆڕین کە هەر بە دوای قازانجی خێرادا دەگەڕێت. لە کۆتاییدا هەموو ئەگەرەکان بەرەو ئەوە دەچن ئابووریی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٩ گەشەیەك بەخۆوە دەبینێت و لە بەرژەوەندیی خەڵکی هەرێمی کوردستانە و مەترسییەکانی دیکەش کە بەرۆکی ئابووریی جیهانی گرتووە، دەتوانین بیقۆزینەوە و سوودی لێ وەربگرین، بەوەی ئێمە لە قۆناغی قەیران تێپەڕیوین و بەرەو قۆناغی گەشە دەچین و هەرچی ئەو وەبەرهێن و بیزنسەی لە دەوروبەرو وڵاتانی دی ترسی قەیرانیان هەیە، بیانهێنینە ناو کوردستان بە هاوشێوەی ساڵانی ٢٠٠٨ و و ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ ئەمەش لەخۆڕا روو نادات و پێویستە بە پلان کار بکەین و بارودۆخی ناوخۆ رێکبخەینەوە و سوود لە هەلە ئابوورییەکان وەربگرین.



# چارەنووسی میدیا

## لەناو شکستی لیبڕاڵ دیموکراتیدا



**ئەو ژینگە تازەیەی شۆڕشی یەکەمی پیشەسازی هێنایە ئاراوە، ژینگەیەک بوو کە گۆڕانکاریی گەورەی (بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی) لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی دروست کرد**

**ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی ئێستا لە بواری پێشکەوتنەکانی گەیاندن دەیبینین، کاری ڕۆژنامەگەری بە ڕادەیەک قورس کردووە، کە ڕاگەیاندکارانی بواری میدیا ئەرکی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەری بەلاڕێدا بەرن و ئەوەی پێشتر پێی دەگوترا (ئێتیکی ڕۆژنامەوانی) چیدی کاری پێ نەکرێت و لەبەر چاو نەگیرێت**

**پێشکەوتنەکانی بواری گەیاندن و سادەیی بەکارهێنانی و بەئاسانی دەسکەوتنی، ژینگەیەکی دروست کردووە کە نە دەتوانرێت بە یاسایەک ئەو ژینگە ڕێکبخرێت، نە دەشتوانرێت بۆ بەرژەوەندیی گشتیی مرۆڤایەتی بناخەی ئێتیکێکی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت، یان پێوەی پابەند بن**

یەکێک لە داهێنانە گرنگەکانی چەرخی ڕێنیسانس، داهێنانی ئامێری چاپکردن بوو لەلایەن (یۆهان گوتەنبرگ)ی ئەڵمانییەوە، ئەم ئامێرە گرنگە سەرتاپای ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕی و وەرچەرخانێکی گەورەی فیکری بەدوای خۆیدا هێناو بووە سەرچاوەیەك بۆ چاپکردنی کتێب و بڵاوکردنەوەی فیکری ڕۆشنگەری لەسەرانسەری ئەورووپا، هەموو ئەو ڕۆشنگەری و پێشکەوتنەشی بە هۆی ئامێری چاپکردنەوە هاتەئاراوە، بوونە بناخە بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کەنیسە و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و دەستپێکی سیستمی لیبراڵی کە بناخەی ئەم سیستمە لەسەر کۆڵەکەکانی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و سەروەریی یاسا بونیاد نرابوون.

ئەم ژینگە نوێیەی سیستمی لیبراڵی کە لە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا دروست بوو، جیا لەوەی داهێنانەکانی ئەقڵی مرۆڤی زیاتر کرد، لە هەمان کاتدا بووە هۆکاری ئەوەی ئەو زەمینەیەش بێتەئاراوە بۆ ئەوەی داهێنانەکان بخەنە بواری پراکتیکەوە و بە ڕێگەی کارگە و ئامێر و بە ژمارەیەکی زۆر زیاتر و هەرزانتر، هەموو ئەو کەلوپەل و شتومەکانە دروست بکەن، کە پێشتر بە دەست دروست دەکران، ئەم مێژووە بە سەرەتای شۆڕشی یەکەمی پیشەسازی دادەنرێت کە کۆتایی بە پیشەگەری دەستی هێنا و پیشەگەرەکانی گواستەوە بۆ ناو کارگەکان.

ئەو ژینگە تازەیەی شۆڕشی یەکەمی پیشەسازی هێنایە ئاراوە، ژینگەیەك بوو کە گۆڕانکاریی گەورەی (بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی) لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی دروست کرد، ڕاستە ئاستی بەرهەمهێنان بە بەراورد بە بەرهەمی پیشەگەری دەستی زۆر زیادی کرد، بەڵام زیادبوونی بەرهەم، نەبووە هۆکاری ئەوەی ژیانی مرۆڤایەتی خۆشگوزەران بکات، بەڵکو دوو چینی زۆر جیاوازی دروست کرد، یەکێکیان (چینی بۆرژوازی) بوو، کە بە ژمارە کەم بوون، بەڵام بەشی هەرە زۆری داهاتەکەیان بەردەکەوت، چینەکەی دیکە کە (چینی پرۆلیتاریا) بوو، بە ژمارە زۆر زۆر بوون، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژانە زیاتر لە ١٠ کاتژمێر کاریان دەکرد، بەڵام بەشێکی زۆر کەمی ئەو داهاتەیان بەردەکەوت، ئەمەش بووە سەرەتای ململانێیەکی نوێ لەنێوان ئەو دوو چینەدا کە لە پێش شۆڕشی یەکەمی پیشەسازی بوونی نەبوو. ئەوجا چۆن لە ململانێی نێوان ئەقڵ و کەنیسەدا، فیکری نوێ و داهێنان بەرهەمهات کە پاشان ڕۆشنگەری و شۆڕشی پیشەسازی بەدوای خۆیدا هێنا، لە ململانێی نێوان چینی بۆرژوازی و پرۆلیتاریاشدا فیکری مارکسیەت لەدایك بوو کە بانگەشەی بۆ دیکتاتۆریەتێکی پرۆلیتاریای جیهانی دەکرد، بە لەدایکبوونی فیکری مارکسیەتیش، ململانێ لەنێوان دوو سیستم دروست دەبێت کە ئەویش (سیستمی سەرمایەداری و سیستمی سۆشیالیستی)یە.

سیستمی سەرمایەداری بە پێچەوانەی سیستمی سۆشیالیستی بە سرووشتی خۆی نەرمە و دەتوانێت خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بگونجێنێت، بۆیە هەر لەگەڵ دەرکەوتنی بیری مارکسیەت وەك بیرێکی تازەی پێشوازی لێکراو، دەوڵەتی سەرمایەداری لە دەوڵەتی مەدەنییەوە بەرەو دەوڵەتی خۆشگوزەران هەنگاوی هەڵگرت، لەناو ئەم ژینگە تازەیەشدا، ڕۆژنامەگەریی نووسراو ڕۆڵێکی گەورەی وەرگرت و بووە ئامێرێك بۆ بەرگریکردن لە ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ، بەمەش بووە خاوەن دەسەڵاتێکی چاودێریی ئەوتۆ بەسەر حوکمڕانییەوە کە ناوی لێنرا دەسەڵاتی چوارەم.

دیارە هاوشانی داهێنانەکانی ئەقڵی مرۆڤ و پێشکەوتنی ئامێرەکان، ڕۆژنامەگەرییش پێشکەوتنی گەورەی بەسەردا هاتووە و بوارەکانی ڕۆژنامەگەریی بیستراو، بینراو و ئۆنلاینیشی گرتۆتەوە، لەمەش زیاتر هەر تاکێکی سەر هەسارەی زەوی گۆڕیوە بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە نەك هەر توانای ئەوەی هەیە بنووسێت، یان قسە بکات، بەڵکو توانای ئەوەشی هەیە کە هەم بنووسێت و هەم قسە بکات و هەر ئەو تاکە خۆیشی وەك دامەزراوەیەکی میدیایی بەرهەمەکەی خۆی بڵاودەکاتەوە. ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی ئێستا لە بواری پێشکەوتنەکانی گەیاندن دەیبینین، کاری ڕۆژنامەگەری بە ڕادەیەك قورس کردووە، کە ڕاگەیاندکارانی بواری میدیا ئەرکی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەری

بەلاڕێدا بەرن و ئەوەی پێشتر پێی دەگوترا (ئیتیکی رۆژنامەوانی) چیدی کاری پێ نەکرێت و لەبەر چاو نەگیرێت.

هۆکاری پێشێلکردنی (ئیتیکی رۆژنامەوانی)، لەبەر ئەوە نییە کە رۆژنامەنووسان خۆیان مەبەستیان بێت، پێشێلی بکەن یان ریز لەو ئیتیکە نەگرن، نەخێر، پێشکەوتنەکانی بواری گەیاندن و سادەیی بەکارهێنانی و بەئاسانی دەسکەوتنی، ژینگەیەکی دروست کردووە کە نە دەتوانرێت بە یاسایەك ئەو ژینگە رێکبخرێت، نە دەشتوانرێت بۆ بەرژەوەندیی گشتیی مرۆڤایەتی بناخەی ئیتیکێکی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت، یان پێوەی پابەند بن.

هەر بۆیە ئەگەر پیشەی رۆژنامەگەری و کەناڵ و ناوەندەکانی میدیا بە پێناسە نەریتییەکەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی پێناسە بکەین، ئەوا ئێستا خودی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی دوچاری تەنگژەیەکی ئەوتۆ بووە، کە وەك بیرمەندان جەختی لەسەر دەکەنەوە، خودی دامەزراوەکانی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بەهاکانی کەرامەتی مرۆڤ پێشێل دەکەن و ناتوانن وەك پێشان بیپارێزن، ئەم سیستمە بە ئاستێك نادادپەروەری دروست کردووە کە ململانێیەکی تازەی لەنێوان (دوای مرۆڤ بۆ کەرامەت و دادپەروەری لەگەڵ سیستمی لیبراڵ دیموکراتی) هێناوەتەئاراوە، گومانیشی تێدا نییە، ململانێیەکە هەر دەبێت بۆ بەرژەوەندیی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و بەدیهێنانی دادپەروەری و بەکۆتاییهاتنی تەواوی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی کۆتایی بێت.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر سیستمی لیبراڵ دیموکراتی چیدیکە نەتوانێت ئەو چەترە بێت کە دادپەروەری بەدیبهێنێت و کەرامەتی مرۆڤ بپارێزێت، ئایا میدیای ئازاد کە بەرهەمی سیستمی لیبراڵ دیموکراتییە، لەناو ئەو سیستمە شکستخواردووەدا چ پێگە و رۆڵێکی دەبێت؟ ئەگەر لەناو هەموو دامەزاراوەکانی دەڵەوتدا (بە دەوڵەتانی دیموکراتی و نادیموکراتییەوە)، شتێك نەبێت ناوی زانیاریی نهێنی بێت، ئایا رۆژنامەنووس بەدواداچوونی رۆژنامەنووسی بە دوای چ زانیاریەکدا دەکات؟ ئەگەر هاووڵاتی زانیاری لەبەردەست بێت و نەتوانێت بە رێگەی ئەو زانیارییانە بەشداری لە پرۆسەی سیاسەتی حوکمڕانیی دیموکراتیدا بکات، ئایا رۆڵی میدیا لە بەشدارییپێکردنی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیدا لە کوێ دەبێت؟

### ● کاتێك بە هەواڵی ساختە رای گشتی ئاراستە دەکرێت

ئەگەر رای گشتی پێکەوە گرێدانەوەی بیروبۆچوون و بیرکردنەوەی گشتیی هاووڵاتیان بێت لەناو فەزای گشتیدا، ئەوا ئامانج لەو بیروبۆچوونە گشتییەی لەناو فەزای گشتی دروست دەبێت، ئەوەیە کە خەڵك و دەسەڵات پێکەوە دیالۆگێکی راوێژکارییانە بکەن و پرۆسەی حوکمڕانی لە هەڵە و کەموکورتییەکان ئاگادار بکرێتەوە.

یۆرگن هابرماس سەبارەت بەو زانیارییانەی جووڵەیەکی دروست لە فەزای گشتیدا دروست دەکات، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جیا لەوەی دەبێت زانیارییەکان، زانیاریی دروست بن بۆ ئەوەی هاووڵاتی بە دروستی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکات، لە هەمانکاتدا جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە شێوازی ئاراستەکردنی رای گشتی بە زانیاریی راست و دروستیش دەبێت لە ئاستێکی هێندە بەرز بێت کە گوتارێکی ئاست بەرزی نموونەیی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێت کە هەم خەڵك بەگشتی بزانن داواکارییەکانیان چین، هەمیش دەسەڵات گوێ لە داواکاریی هاووڵاتیان بگرێت. لە پێناسەکردنیشی بۆ (گوتاری نموونەیی ئاست بەرز) هابرماس باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە لەم جۆرە گوتارەدا (قسە دەگۆڕێت بۆ کردار)، راشکاوانەتر واتە هاووڵاتیان دەیانەوێت بە رێگەی قسەکردن کارێکی گرنگ ئەنجام بدەن، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە بێتەدی و بە قسە کێشەکان چارەسەر بکرێن، ئەوا ئەو زانیارییانەی دەبنە بنەمای ئەو قسانە، دەبێت رەچاوی ئەو بنەما ئەخلاقییانە بکەن کە قسە دەگۆڕێت بۆ کردار، ئەو بنەمایانەش بریتین لەوەی کە دەبێت قسەکان بۆ ئەو داواکارییانە بن کە لە تواناد‌ا بێت، واتە (داواکاریی ماقووڵ و سەرنجڕاکێش) بن. دوای ئەوەی فەزای گشتی لەسەر ئەم بنەمایە بە رێکوپێکی هاتەئاراوە، ئەوا پرۆسەی حوکمڕانیی دیموکراتی، دەبێتە پرۆسەیەکی

**ئامانج لەو بیروبۆچوونە گشتییەی لەناو فەزای گشتی دروست دەبێت، ئەوەیە کە خەڵک و دەسەڵات پێکەوە دیالۆگێکی راوێژکارییانە بکەن و پرۆسەی حوکمڕانی لە هەڵە و کەموکورتییەکان ئاگادار بکرێتەوە**

**کاتێک کە لەناو گێژاوی ئەم پاشاگەردانییەی میدیا و دیموکراتیدا، باشتر بۆ وەڵامی پرسیارەکان دەگەڕێین، دەبینین میدیا بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، کەوتووەتە سەنگەرێک لەم سەر و خەڵک و میللەتیش لە سەنگەرێکی دیکەدان لەو سەر و ئەوەی راستی و راستەقینەیە لە خەڵکی دەشارنەوە**

**ئەم هەواڵە ساختانە کە کۆمپانیاکانی میدیا وەک پارێزەری سیستمە دیموکراتییەکە بەرهەمی دەهێنن، نەک هەر وایانکردووە هاووڵاتی متمانەی بە میدیا نەمێنێت، بەڵکو هاووڵاتی متمانەی بە سیستمە سیاسییەکەش نامێنێت و پشتگیری ئەو کاندیدانە دەکات کە بانگەشە بۆ نەمانی سیستمە دیموکراتییەکە دەکەن**

حوکمڕانیی جێبەجێکراوی راوێژکاری لەنێوان خەڵك و دەسەڵاتدا.

سەبارەت ئاراستەکردنی رای گشتی بە هەواڵی ساختە، هابرماس دەڵێت: کۆمپانیاکانی میدیا لە وڵاتانی رۆژئاوا، تەنیا کۆمپانیان کە قازانجێکی زۆر کەم دەکەن، یان هەندێکیان زەرەر دەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەرهەمەکانیان (هەواڵەکان) لە بازاڕدا ساخ نابێتەوە، بۆیە پەنا بۆ ئەوە دەبەن، ئەو زانیارییانەی هەواڵی لەسەر دروست دەکەن و پێشکەشی هاووڵاتیانی دەکەن، وەك شمەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن و ناوەرۆکی هەواڵەکە بە درۆ دەڕازێننەوە بۆ ئەوەی هاووڵاتی بکەن بە کڕیار و سەرنجی رابکێشن و لێیان بکڕێت.

هابرماس لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە هەستی بەم مەترسییە گەورەیە کردبوو و دەیزانی ئەگەر هەواڵی ساختە رای گشتی ئاراستە کرد، دیموکراتییەت دوچاری چ تەنگژەیەکی گەورە دەبێتەوە کە ئێستا ئەو تەنگژە گەورەیە تەواوی سیستەمە دیموکراتییەکانی رۆژئاوای گرتۆتەوە و گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئێستا پێی ناوەتە قۆناخی (دوای نەمانی راستی لە رای گشتیدا)، ئەمەش وایکردووە کە هاووڵاتی متمانەی بەو سیستەمە نەبێت کە حوکمڕانیی دەکات. هەربۆیە ئەوکات داوای لە حکومەتە دیموکراتییەکان بە گشتی و حکومەتی ئەڵمانیا دەکرد، ئەگەر ساڵێك سەرما زیاتر بوو، خەڵك پێویستی بە سووتەمەنیی زیاتر بوو، حکومەتەکان دێن بەهانای خەڵکەوە و سووتەمەنییان بۆ دابین دەکەن. لە ئێستادا کە زانیاریی دروست لە سووتەمەنی بۆ خۆگەرمکردنەوە بۆ هاووڵاتی گرنگە، کەچی حکومەتەکان بێدەنگییان لێ کردووە و نایەنە ناوەوە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە.

دیارە کێشەی سەرەکیی کۆمپانیاکانی میدیا لە سەرانسەری جیهان بەگشتی ئەوەیە، ئەو کۆمپانییانە بە سیستمێك هەڵدەسووڕێنن کە رۆژنامەگەریی وەك دەسەڵاتی چوارەم پێناسە کردووە، بەڵام ئەو سیستەمەی کە رۆژنامەگەری تێدا دەسەڵاتی چوارەم بووە، ئێستا ئەو سیستەمە نەماوە، بۆیە ناکرێت میدیا وەك دەسەڵاتی چوارەم پێناسە بکرێت. لەم حاڵەتەدا ئەگەر هاووڵاتیانی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی هەر سێ دەسەڵاتەکەی دیکەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی رەتبکەنەوە و گەیشتبێتنە ئەو قەناعەتەی دەسەڵاتی دادوەری کە دەسەڵاتێکی بەهێزی بێلایەنە یاساکانی دەوڵەتی قووڵ دەپارێزێت، نەك بەرژەوەندی و کەرامەتی هاووڵاتیان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کۆمپانیاکانی میدیا کارەکانیان خزمەتی ئەو دەوڵەتە قووڵە دەکات کە بەرژەوەندیی هاووڵاتیانی پێشێل دەکات، یان میدیا کار بۆ بەرژەوەندیی هاووڵاتیان دەکات؟ ئەگەر بە راستگۆیی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئاشکرایە کۆی کۆمپانیاکانی میدیا بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە بەرگری لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان دەکەین، بەڵام کاتێك کە لەناو گێژاوی ئەم پاشاگەردانییەی میدیا و دیموکراتیدا، باشتر بۆ وەڵامی پرسیارەکان دەگەڕێین، دەبینین میدیا بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، کەوتووەتە سەنگەرێك لەم سەر و خەڵك و میللەتیش لە سەنگەرێکی دیکەدان لەو سەر و ئەوەی راستی و راستەقینەیە لە خەڵکی دەشارنەوە، هەر بۆ نموونە: ئێستا هاووڵاتیانی دەوڵەتانی رۆژئاوا دەنگ بەو کاندیدانە دەدەن کە لە دیموکراتی دوور دەکەونەوە، یان بەڵێنی ئەوە بە هاووڵاتیان دەدەن کە چیدیکە رێز لە بەهاکانی دیموکراتی نەگرن، لەبەرامبەر خواستی هاووڵاتیاندا میدیا ئەم دیاردەیە وەك دیاردەیەکی دژ بە دیموکراتی و دژ بە مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدات، بۆیە هەوڵدەدەن زانیاریی درۆ و هەواڵی ساختە دروست بکەن و بیخەنە ناو فەزای گشتییەوە، ئەم هەواڵە ساختانەش کە کۆمپانیاکانی میدیا وەك پارێزەری سیستەمە دیموکراتییەکە بەرهەمی دەهێنن، نەك هەر وایانکردووە هاووڵاتی متمانەی بە میدیا نەمێنێت، بەڵکو هاووڵاتی متمانەی بە سیستەمە سیاسییەکەش نامێنێت و پشتگیری ئەو کاندیدانە دەکات کە بانگەشە بۆ نەمانی سیستەمە دیموکراتییەکە دەکەن.

ئەم پەروەردە نادروستەی بە رێگەی کۆمپانیاکانی میدیا رای گشتی پێ دروست دەکرێت، لە فێرکردنێکی قووڵی ساختە (Deep Fake) دەچێت، ئەمەش بەو مانایەی راستە هۆیەکانی راگەیاندن زۆر زۆر بوون و بە ئاسانی دەست دەکەون و هەموو جۆرە هەواڵێك بڵاو دەکەنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە

**راستە هۆیەکانی راگەیاندن زۆر زۆر بوون و بە ئاسانی دەست دەکەون و هەموو جۆرە هەواڵێک بڵاو دەکەنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە مەبەست هەواڵەکانیان بە درۆ و ساختە مکیاژ دەکەن، بۆ ئەوەی سەرنجی بینەر، بیسەر، یان خوێنەری پێ رابکێشن**

**چۆن کێشەی نەبوونی زانیاری لای هاووڵاتی یەکێک بوو لە کێشە گرنگەکانی تەوژمی سێهەمی دیموکراتی، ئەوا لە ئێستاشدا بوونی زانیاریی ناڕاست لە بری زانیاریی راست و دروست، وایکردووە سەر لە هاووڵاتی تێکبدات و نەتوانێت بڕیاری دروست بدات**

**بۆ ئێستای سەردەمی پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا، پێویستە میدیا هاوشانی ئەم پێشکەوتنە سیستمێک بۆ کاری میدیایی خۆی دابنێت، کە بتوانێت لە ئاستی ئەو گۆرانکارییە سیاسییە گەورانەدا بێت کە ئەم پێشکەوتنە خێرایە دروستی کردووە**



مەبەست هەواڵەکانیان بە درۆ و ساختە مکیاژ دەکەن، بۆ ئەوەی سەرنجی بینەر، بیسەر، یان خوێنەری پێ رابکێشن، ئەوا راستە وەرگر کۆمەڵێك زانیاریی زۆری لەبەردەست دەبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا کۆمەڵێکی زۆریش زانیاریی ناڕاستی دەدرێتێ کە ئەمە وەك ئەوەیە کە هاووڵاتی زانیاری لا نەبێت، ئەوجا چۆن کێشەی نەبوونی زانیاری لای هاووڵاتی یەکێك بوو لە کێشە گرنگەکانی تەوژمی سێیەمی دیموکراتی، ئەوا لە ئێستاشدا بوونی زانیاریی ناڕاست لە بری زانیاریی راست و دروست، وایکردووە سەر لە هاووڵاتی تێکبدات و نەتوانێت بڕیاری دروست بدات.

بۆ ئێستای سەردەمی پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا، پێویستە میدیا هاوشانی ئەم پێشکەوتنە سیستمێك بۆ کاری میدیایی خۆی دابنێت، کە بتوانێت لە ئاستی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە گەورانەدا بێت کە ئەم پێشکەوتنە خێرایە دروستی کردووە و چۆن لەسەر ئاستی سیاسەت و حوکمڕانی هەنگاوەکان گەڕانەوەیە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی و ناشنالیزم، گرنگە میدیاش ئەو بەرگە گلۆباڵییە لە خۆی دابماڵێت و ئەرکی سەرەکیی خۆی بکاتە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆی بۆ ئەوەی لە پرۆسەی بونیادنانەوەی شکۆی نەتەوەیی خۆیدا بەشدار بێت.

بۆ میدیاکان رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی کە نزیکەی ٣٠ ساڵە لە دوای رووخانی دیواری بەرلینەوە، گوتاری میدیایی میدیاکانی رۆژئاوا لەسەر بناخەی لیبرالیزمێکی گلۆباڵی، رای گشتی لە جیهاندا ئاراستە دەکات، بەڵام بینیشمان ئەم ئاراستە لیبرالیزمە گلۆباڵییە چ کارەساتێکی بەسەر مرۆڤایەتی بەگشتی و رۆژئاوا بەتایبەتی هێناوە، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە گوتاری میدیایی لەسەر ئاستی نیشتمانی بگەڕێتەوە بۆ ئەو چوارچێوەیەی کە نەتەوە تیایدا بیردەکاتەوە و لەسەر ئاستی جیهانیش بگەرێتەوە بۆ ناو ئەو چوارچێوەی بەرەو فرەجەمسەری و فرەسیستمیی حوکمڕانی هەنگاو هەڵدەگرێت و راشکاوانە دان بەو راستییانەدا بنێت کە چیدیکە نە سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتی جارێکی دیکە زیندوو دەبێتەوە، نە جارێکی دیکە خەونی لیبرالیزمی گلۆباڵی بۆ ئەمریکا و رۆژئاوا دێتەدی.

**چۆن لەسەر ئاستی سیاسەت و حوکمڕانی هەنگاوەکان گەڕانەوەیە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی و ناشنالیزم، گرنگە میدیاش ئەو بەرگە گلۆباڵییە لە خۆی دابماڵێت و ئەرکی سەرەکیی خۆی بکاتە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆی بۆ ئەوەی لە پرۆسەی بونیادنانەوەی شکۆی نەتەوەیی خۆیدا بەشدار بێت**

دیمانەی تایبەت

## دەیڤید پێرلمۆتەر

پسپۆڕی راگەیاندن و رۆژنامەگەری بۆ گولاّن:

# پێویستمان بە راگەیاندنێکە کە راستییەکانمان پێ بڵێت نەک تەنیا بیروبۆچوون

دەیڤید پێرلمۆتەر پرۆفیسۆری بەشی راگەیاندنی زانکۆی تەقەنی تێکساسە، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٣ لە زانکۆی ئایاوا بەڕێوەبەری سکووڵی راگەیاندن بووە، لە زانکۆی کێنساس لە سکووڵی (ولیام ئەلێن وایت) بۆ رۆژنامەگەری پرۆفیسۆر و توێژەر بووە، لە بواری راگەیاندن خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە، کە لە زانکۆی مینێسۆتا بەدەستی هێناوە، لە چەند بوارێکی گرنگدا زیاتر لە ٢٥ ساڵ ئەزموونی وانەبێژی و توێژەریی هەیە، وەك مێژووی راگەیاندن و راگەیاندنی نوێ. گولاّن لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بەو کێشە و تەحەددییانەی رووبەڕووی کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندن دەبنەوە، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەم پیشەیەدا و ئایندەی ئەم پیشەیەدا هاتوون.



*** وەك كەسێكی شارەزا لە بواری راگەیاندن و رۆژنامەگەریدا، پێتوایە لە ئێستادا دژوارترین و سەختترینی ئەو كێشانە چین كە رووبەڕووی كاری رۆژنامەگەری دەبنەوە؟**

- لە راستیدا وەڵامەكە بەندە بەوەی كە لە چ وڵاتێكدا باسی كاری رۆژنامەگەری دەكەین. بۆ نموونە ئەو تەحەددییانەی لە وڵاتی كەنەدا رووبەڕووی كاری رۆژنامەگەری دەبنەوە، لەگەڵ تەحەددییەكانی ئەم كارە لە عێراقدا جیاوازن. بۆ نموونە رەنگە كێشەكە لە ناوچەكەی ئێوەدا ئەوە بێت رۆژنامەنووسان لەسەر ژیانیان رووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، كە مەترسییەكی لەم شێوەیە لە ڤانكوڤەر بوونی نییە. بەڵام ئەگەر بە شێوەیەكی گشتی لەو كێشانە بڕوانین كە رووبەڕووی رۆژنامەگەری و راگەیاندن دەبنەوە لە سەرتاسەری جیهاندا، ئەوا دەتوانین ئاماژە بە تەحەددیی بەدەستهێنانی زانیاریی ورد و راست و دروست بكەین، لەگەڵ چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو هەموو زانیارییە ناڕاستانەدا، كە لەم رەوەوە دەبێت رۆژنامەگەری و راگەیاندن بە شێوەیەك كار بكەن، كە بتوانن متمانەی خوێنەران و بینەرانی بەدەست بهێنن، ئەمەش رۆژگارێكی دوورو درێژە رووبەڕووی كاری رۆژنامەگەری دەبێتەوە.

*** ناكرێت سەبارەت بە راگەیاندن باسی ئەو پێشكەوتنە تەكنەلۆژییە خێرایە نەكەین كە لە جیهاندا روویداوە و روودەدات، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئەم بەرەوپێشچوونە تەكنەلۆژییە بێ پێشینەیە چ گۆڕانكارییەكی لە كاری رۆژنامەگەری و راگەیاندندا دروست كردووە؟**

- یەكێك لە گۆڕانكارییە گەورەكان پەیوەستە بەوەی كێ ئێستا دەتوانێت هەواڵ و زانیاری دروست بكات و بڵاوی بكاتەوە، بۆ نموونە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر تەنیا دەزگای هەواڵی

پیشەییانە، یان حکومەت هەبوو کە هەواڵ و زانیارییان بڵاو دەکردەوە و کاری ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراویان دەکرد. ئێستا بە هۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەر کەسێك دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری و بڵاویان بکاتەوە، تەنانەت هەموو کەسێك دەتوانێت ببێتە کەسێکی ناسراو و بەناوبانگ. ئێستا ئەگەر هەواڵێکی بەپەلە هەبێت کە بە ڕووداوێکی گەورە پەیوەست بێت، بۆ نموونە کارێکی تیرۆریستی، ئەوا یەکەمجار هەواڵەکە لەلایەن ئەو کەسانەوە بڵاو دەکرێتەوە کە ئایفۆنێکیان پێیە و دەتوانن وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی بگرن و بڵاوی بکەنەوە، بگرە کۆمێنتیشی لەسەر دەنووسن. لەلایەکی دیکەوە چەندین چیرۆك هەن کە لە سەرچاوەیەکی ناتەقلیدی بڵاودەبنەوە کە ڕەنگە نەزانین سەرچاوەکەشیان چییە. کەواتە ئێمە لە جیهان و لە ڕۆژگارێکدا دەژین کە هەواڵەکان زۆر بەپەلە بڵاودەبنەوە و سەرچاوەکانیشیان جیاوازن، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی لە ئێستادا ڕۆڵێکی کەمتر دەگێڕێت. لەبەر ئەوەی چیتر ڕۆژنامەنووسەکان توانای کۆنترۆڵکردنی کاری ڕۆژنامەگەرییان نەماوە، هەروەها حکومەتەکانیش بە چەشنی رابردوو توانای کۆنترۆڵکردنی ڕۆژنامەگەرییان نەماوە.

*** ئاماژەتان بەوەکرد کە ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی لە ڕۆژگاری ئێستادا ڕۆڵێکی کەمتر دەبینیت، ئایا لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی ڕۆڵی خۆی وەك دەسەڵاتی چوارەم لە دەست داوە؟**

- ئەوەی لێرەدا دەتوانین بیڵێین، ئەوەیە کە هێشتا ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی لەئارادا ماوە و هێشتا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕۆڵی سنووردارتر بووە. ئێوە بڕوانن ئێستا گرنگترین سەرچاوەی هەواڵ بۆتە گوگڵ و فەیسبووك و ئەپڵ.

*** ئایا لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەی ئاماژەتان پێکرد، دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن میسداقییەتیان لەدەست داوە؟**

- ئێمە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە هیچ ڕۆژگارێکی زێڕینمان نەبووە تێیدا ڕۆژنامەگەری میسداقییەتێکی زۆری هەبووبێت، چونکە هەمیشە خەڵکی تا ڕادەیەکی دیاریکراو بێمتمانە بوون لە ئاست ڕاگەیاندندا. بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە حکومەت کۆنترۆڵی ڕۆژنامەگەری کردووە. بۆ نموونە لە وڵاتانی کۆمۆنیستیی پێشوودا، خەڵکی دەیانزانی کە ئەو هەواڵانەی بڵاو دەکرێنەوە، مەرج نییە هەمووی ڕاست بن، دەیانزانی کە تەنیا هەڵگری بۆچوونی لایەنێکی دیاریکراون. بە هەمان شێوە لە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکاندا و تەنانەت لە ڕژێمە شمولییەکانی ئێستاشدا، خەڵك دەزانێت کە ڕاگەیاندنی کۆنترۆڵکراو لەلایەن دەوڵەتەوە ڕاستییەکانیان پێ ناڵێت، یان تەواوی ڕاستییەکانیان پێ ناڵێت. کەواتە پرسی متمانەکردن بە ڕاگەیاندن پەیوەستە بەوەی ئێمە باسی چ ڕاگەیاندنێك و چ ڕۆژگارێك دەکەین. لە ئەمریکاش بێمتمانەیی لە ئاست ڕاگەیاندندا لە ئاستێکی بەرزدایە، تەنانەت ئەگەر ئەمە بە ڕابردووش بەراورد بکەین.

*** لە ئێستادا زۆر باس لە چەمکی هەواڵی ساختە دەکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مانای ئەم چەمکە چییە و بۆچی ئێستا هێندە بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکار دەهێنرێت؟**

- من پێموایە بەشێکی هۆکارەکە ئەوەیە کە هەر کەسێك بۆ خۆی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر تۆ کەسێك بیت و پشتیوانی لە سەتاسەتی سەرۆکی میسر بکەیت، ئەوا دەتوانیت تەنیا ئەو هەواڵانە بخوێنیتەوە کە باسی لایەنە باشەکانی ئەم سەرۆکە دەکەن و هەواڵەکانی دیکە فەرامۆش بکەیت، بەپێچەوانەوە ئەگەر تۆ دژی سەرۆکی میسر بیت، ئەوا دەتوانیت تەنیا ئەو هەواڵ و بۆچوونانە بخوێنیتەوە کە دژی ئەون. بە کورتی ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە تۆ دەتوانیت ببیتە سەرچاوەی هەواڵ و هەر بیروبۆچوونێکت هەبێت، ئەوا دەتوانی ئەو هەواڵ و زانیارییانە بەدەست بهێنێت و بخوێنیتەوە، کە پێت دەڵێن بۆچوونەکانت ڕاست و دروستن. کەواتە زۆر زەحمەتە خەڵکی بتوانن لەو زیندانە ڕۆشنبیرییە ڕزگار ببن، کە تێیدا تەنیا گوێیان لەو بابەتانە دەبێت کە پشتیوانی لە تێڕوانینەکانیان دەکات.

*** چۆن لە پرسی بەکارهێنانی ئامرازەکانی**

**ئێستا بە هۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەر کەسێك دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری و بڵاویان بکاتەوە**

**هەمیشە خەڵکی تا ڕادەیەکی دیاریکراو بێمتمانە بوون لە ئاست ڕاگەیاندندا. بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە حکومەت کۆنترۆڵی ڕۆژنامەگەری کردووە**

**راگەیاندن دەڕوانێت، بەتایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیان و ڕاکێشانی خەڵکی بۆ نێو ڕیزەکانیان بەکار دەهێندرێن؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئێستا ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان تۆڕی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنەلۆژیای نوێی ڕاگەیاندن بەکار دەهێنن و، بەم هۆیەوە توانیویانە بە چەشنێکی بێ پێشینە دەنگی خۆیان بگەیەننە خەڵك. من ئەوەندەی تەمەنم هەیە و بیرم بێت، کاتی خۆی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان خەڵکیان بە بارمتە دەگرت و داواکارییەکەشیان ئەوە بوو کە ڕۆژنامەکان بێن و مانیفۆستەکانیان بۆ بڵاو بکەنەوە، ئێستا کەسیان ئەمە ناکەن، چونکە پێویستیان پێی نییە. ئێستا خۆیان دەتوانن ڕاستەوخۆ لە ڕێی پەیامە ڤیدیۆیی و دەنگییەکانیان و لە ڕێی چاپکراوەکانیانەوە ڕووبکەنە خەڵك، لەم ڕووەوە دەتوانن کاریگەر بن لەسەر ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی، بەڵام نەك بە چەشنی ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵی ڕابردوو. مەبەستم ئەوەیە ئەوان دەتوانن ئامرازی ڕاگەیاندنی خۆیان هەبێت.

*** بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بریتییە لە پرسی بەکارهێنانی ڕاگەیاندن بۆ چەواشەکاریی سیاسی، یان ئەوەی پێی دەڵێن شەڕی چەواشەکاری، بۆ ئەمەیان چ سەرنجێکتان هەیە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پرسێکە و مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، واتە لەو کاتەوەی ڕاگەیاندن بەکارهێنانی لە بواری پەیوەست بە سیاسەتدا بوونی هەبووە. با لێرەدا نموونەیەك بخەینەڕوو، یەکەم دراو لە مێژوودا کە بەکارهێنراوە بۆ کڕینی شتومەك لە ئەناتۆڵیا و هەزاران ساڵ پێش ئێستا بەکار هاتووە، بەڵام ئایا چ شتێك لەسەر دراوەکە هەبووە؟ وێنەی پاشا، بە واتای ئەوەی پاشا ویستوویەتی ئەوە رابگەیەنێت کە سەرچاوەی سەروەت و دەسەڵات منم، کەواتە یەکێك لە دێرینترین فۆرمەکانی ڕاگەیاندن بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی بەکارهێنراوە. هەروەها ئەگەر لە گۆڕەکانی میسری کۆن و کۆشکی پاشا ئاشوورییەکانی عێراق بڕوانین، ئەوا وێنەی پاشاکان دەبینین کە دوژمنەکانیان تێکشکاندووە، واتە ئەمانە وێنەی سیاسین. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین بۆ هەزار ساڵ ڕاگەیاندن بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی بەکارهێنراون و بۆ هەزاران ساڵی دیکەش ئێمە بۆ ئەم مەبەستە بەکاری دەهێنین. تەنیا جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئامرازەکان گۆڕاون، کاتی خۆیان پاشا ئاشوورییەکان دیواری کۆشکەکانیان بەکار دەهێنا، ئێستا نەوجەوانێکی کوردستان تویتەر بەکار دەهێنێت.

*** لە ئێستادا ئێمە زیاتر پێویستمان بە چ جۆرە ڕاگەیاندنێك هەیە؟**

- ئێمە پێویستمان بە ڕاگەیاندنێك هەیە کە کار لەسەر خستنەڕووی ڕاستییەکان بکات، چونکە لە ئێستادا ئەوەی بڵاو دەکرێتەوە بیروبۆچوونە، واتە پێویستمان بە شێوازە کۆنەکەی کارکردنە، پێویستمان بە خستنەڕووی ڕاستییەکانە، پێویستمان بە کەسانێکە کە پێمان بڵێن دەقاودەق چی ڕوویداوە، بە بێ ئەوەی بیروبۆچوونی لەگەڵدا بێت، کە بەداخەوە ئێستا ئەمە زۆر زۆر کەمە. چونکە ئەمە کارێکی سەخت و دژوارە لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندندا، ئەنجامدانی لە ڤانکوڤەر سەختە، هەروەها لە عێراقیشدا.

*** ئەگەر باسی پەیوەندیی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکارانەوە بکەین، ئێوە چۆن وەسفی ئەم پەیوەندییە دەکەن؟**

- ڕەنگە بتوانین بڵێین سەرۆك ترەمپ لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا خراپترین پەیوەندی هەیە، بەڵام ڕەنگە ئەمە زۆر جیاوازی نەبێت لەگەڵ پەیوەندیی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆکەکانی ئەمریکا بەم بوارەوە. چونکە هیچ سەرۆکێکی ئەمریکا حەزی بە ڕۆژنامەنووسان نەبووە، واتە هەمیشە لە دوو ڕوانگەوە لە ڕۆژنامەنووسان دەڕوانن، یان بە بەرهەڵستی خۆیانیان دەزانن، یان بۆ ئامانجی خۆیان بەکاریان دەهێنن. لەبەر ئەوە ڕەنگە نەتوانین بڵێین پەیوەندیی سەرۆك ترەمپ بە ڕۆژنامەنووسانەوە حاڵەتێکی دەگمەنە و هیچ سەرۆکێکی پێشوی ئەمریکا پەیوەندییەکی هاوشێوەی لەگەڵیاندا نەبووە.

*** چۆن لە ئایندەی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن دەڕوانیت؟**

دەتوانین بیشوبهێنین بە شانشینێکی بەهێز کە دابەش دەبێت بۆ چەند مەملەکەتێکی بچووك، واتە ڕادەیەکی زۆر لە بە نامەرکەزیبوون و دابەشبوون.

**زۆر زەحمەتە خەڵکی بتوانن لەو زیندانە ڕۆشنبیرییە ڕزگار بن، کە تێیدا تەنیا گوێیان لەو بابەتانە دەبێت کە پشتیوانی لە تێڕوانینەکانیان دەکات**

**هیچ سەرۆکێکی ئەمریکا حەزی بە ڕۆژنامەنووسان نەبووە، واتە هەمیشە لە دوو ڕوانگەوە لە ڕۆژنامەنووسان دەڕوانن، یان بە بەرهەڵستی خۆیانیان دەزانن، یان بۆ ئامانجی خۆیان بەکاریان دەهێنن**

## پاوڵ کوادرۆس

پرۆفیسۆری رۆژنامەگەری بۆ گوڵان:

# چەمکی هەواڵی ساختە بۆتە چەکێکی سیاسی بۆ هێرشکردنە سەر دەسەڵاتی چوارەم

پاوڵ کوادرۆس پرۆفیسۆری سکوولی رۆژنامەگەرییە لە زانکۆی نۆرس کارۆلاینا، نووسەری رۆژنامەی نیویۆرك تایمز و ستوونووسی زە شاپێڵ هیڵ نیوزە، ئەزموون و شارەزاییەکی زۆری لە کاری رۆژنامەنووسیدا هەیە و کاری رۆژنامەگەری بۆ (تایم مەگەزین، پیوپڵ ویکلی) و چەندین رۆژنامە و گۆڤاری دیکە ئەنجام داوە، بۆ قسەکردن لەبارەی ئەو کێشە و گرفتانەی لە ئێستادا رووبەڕووی کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندن دەبنەوە، هەروەها بۆ شرۆڤەکردنی دوایین گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونەکان لەم بوارەدا و تاوتوێکردنی ئایندەی ئەم پیشەیە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا.



## دیمانەی تایبەت

*** لە ئێستادا زۆر مشتومڕ دەکرێت لەبارەی کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنەوە، هەندێك دەڵێن گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە و ڕۆڵی سرووشتی و تەقلیدیی خۆی لەدەست داوە، بەتایبەتی لە وڵاتی ئەمریکا، ئێوە چۆن لە واقیعی کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا کێشەی ژمارە یەك کە ڕووبەڕووی کاری ڕۆژنامەگەری دەبێتەوە لە ئەمریکا، بریتییە لە بێمتمانەیی خەڵك لە ئاست کاری ڕۆژنامەگەری و بەدواداگەڕانی ڕاستییەکان و تاوتوێکردنی ڕاستییەکان.

*** باشە پێتوایە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم نەبوونی متمانەیە لە چیدا ڕەنگی داوەتەوە؟**

- نەبوونی متمانە سەری کێشاوە بۆ دابەشبوونی پیشەی ڕۆژنامەگەری، کە تێیدا خەڵکی تەنیا بەدواداچوون و خوێندنەوە بۆ ئەو ڕۆژنامانە دەکەن، کە پێیانوایە ڕاستییەکان بڵاو دەکەنەوە، یان با بڵێین تەنیا ئەو ڕۆژنامانە دەخوێننەوە، کە بیروبۆچوونەکانیان پشتڕاست دەکەنەوە و پەیوەندییان بە پرسێك، یان سیاسەتێك، یان سیاسەتمەتدارێکی دیاریکراوەوە هەیە.

*** چ کێشەیەکی دیکە هەیە بتوانین ئاماژەی پێ بکەین، کە ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووس بە دەستیەوە دەناڵێنن؟**

- ئەگەر ئێمە لە وڵاتی ئەمریکا بڕوانین، ئەوا لە پاڵ کێشەی نەبوونی متمانە بە پیشەی ڕۆژنامەگەری، هاوکات کێشەی دەستەبەرنەبوونی داراییش لەئارادایە، کەواتە پێویستە دەزگاو ناوەندە ڕۆژنامەگەرییەکان پێداچوونەوە بە کاری خۆیاندا بکەن، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەگەری کە لەم ڕۆژگارەدا بۆتە ڕۆژگاری دیجیتاڵ، بتوانێت کاری خۆی ئەنجام بدات.

**لە ئەمریکا بە هۆی نەبوونی متمانە بە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان، هەروەها بەهۆی ئەوەی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا وەبەرهێنان ناکرێت، کاریگەریی ڕاگەیاندن وەک دەسەڵاتی چوارەم کەمتر بۆتەوە**

**پێویستمان بە بوونی رۆژنامەگەرییەکی مەحەلی هەیە، کە تێیدا رۆژنامەنووسە مەحەلییەکان لەسەر ئاستی مەحەلی هەواڵ و زانیارییەکان روماڵ بکەن و بیگوازنەوە**

**هاووڵاتیان پێویستیان بە رۆژنامەگەرییەکە کە راستییەکانیان بۆ ئاشکرا بکات و تەحەددی دەسەڵات بکات و کەموکوڕی و درۆکانیان بۆ بخاتەڕوو**

**ئومێدەکە ئەوەیە خەڵک رێگا و شێوازێک بدۆزنەوە کە لە رێیەوە بتوانن ئەو کەسانە رووبەڕووی بەرپرسیارێتی کار و کردارەکانیان بکەنەوە کە لە دەسەڵاتدان**

**پێویستە دەزگاو ناوەندە رۆژنامەگەرییەکان پێداچوونەوە بە کاری خۆیاندا بکەن، بۆ ئەوەی رۆژنامەگەری لەم رۆژگارەدا بۆتە رۆژگاری دیجیتاڵ، بتوانێت کاری خۆی ئەنجام بدات**

*** باشە ئەو هۆکارە ریشەییانە چین لە ئاست کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندندا کە بوونەتە هۆی ئەوەی بەم ئاست و ئەندازەیە بێتمانەیی دروست ببێت؟**

- دەتوانین لێرەدا ئاماژە بە نەبوونی وەبەرهێنان لە رۆژنامەگەریدا بکەین، لەگەڵ بوونی کارنامە و ئەجێندای سیاسیی لایەنە سیاسییە جیاوازەکان، کە هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی خولقاندنی ئەو بێتمانەییەی کە لە بەرامبەر رۆژنامەگەریدا لەلایەن خەڵکەوە هەیە.

*** ئێمە دەزانین رۆژنامە و راگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم ناسراون و لە چاودێریکردن و خستنەڕووی راستییەکاندا رۆڵیان هەیە، ئایا لە ئێستادا سرووشتی کاری راگەیاندن هێندە گۆڕاوە کە چیتر نەتوانێت ئەم ئەرکە تەقلیدییە ئەدا بکات؟**

- ئەوەی لەم رووەوە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە لە ئەمریکا بە هۆی نەبوونی متمانە بە رۆژنامە و راگەیاندنەکان، هەروەها بەهۆی ئەوەی لە بواری رۆژنامەگەریدا وەبەرهێنان ناکرێت، کاریگەریی راگەیاندن وەك دەسەڵاتی چوارەم کەمتر بۆتەوە. هەموو ئەمانە و روماڵنەکردنی هەواڵەکانی کۆمەڵگە مەحەلییەکان بوونەتە هۆی ئەوەی بۆشایی و کەلێنێکی گەورە دروست بێت، واتە لە ئێستادا خەڵکێکی زۆری ئەمریکا هەواڵەکانی پەیوەست بە رووداوەکانی نێو کۆمەڵگە مەحەلییەکانیان لەبەردەستدا نییە.

*** ئەوەی لە ئێستادا لە ئەمریکا و بەتایبەتتر لەلایەن خودی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە مشتومڕی زۆری لەبارەوە دەکرێت و زۆر بەکار دەهێنرێت، بریتییە لە چەمکی هەواڵی ساختە، کە سەرۆك ترەمپ دەزگاکانی راگەیاندنی وڵاتەکەی پێ تۆمەتبار دەکات، بیروبۆچوونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- لە راستیدا چەمکی هەواڵی ساختە بۆتە چەکێکی سیاسی بۆ هێرشکردنە سەر دەسەڵاتی چوارەم و دەزگاکانی راگەیاندن، واتە لە ئێستادا سیاسەتمەدارەکان و پارتە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی دیکە ئەم چەمکە بەکار دەهێنن بۆ وەسفکردنی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی کە لەگەڵ کارنامە و تێڕوانینەکانیاندا یەك ناگرێتەوە، لە ئێستاشدا بۆتە کارێکی ئاسان کە دەستەواژەی هەواڵی ساختە بۆ هەر شتێك بەکار بهێندرێت، ئەویش بەهۆی ئەو بێتمانەییەی کە خەڵکی لە ئاست رۆژنامەگەریدا هەیەتی.

*** بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا و دروستبوونی ئامرازی دیکەی ناتەقلیدی لە بواری راگەیاندندا، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندن هەبووە، بەڵام چۆن دەکرێت رۆژنامەگەری خۆی لەگەڵ ئەم بەرەوپێشچوونانەدا بگونجێنێت؟**

- لە راستیدا ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە چۆن بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا لە ئاست رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووساندا کاریگەریی لەسەر سەرهەڵدانی بێتمانەیی لەلایەن خەڵکەوە هەبووە، بەتایبەتی کە ئەمە لە ئەمریکادا بەدی دەکرێت، دەبینین چەندین راپۆرتی هەواڵگریمان هەیە کە ئاماژە بەوە دەکەن چۆن هێزی دەرەکی هەن و هەوڵدەدەن، لە رێی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بێتمانەیی لەنێو رای گشتیی ئەمریکا لە ئاست رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووساندا دروست بکەن.

*** شرۆڤەی ئێوە بۆ ئەم حاڵەتە چییە؟**

- من پێموایە ئەمە لە وڵاتی ئێمەدا هێرشکردنەسەر دیموکراسییە، ئێمە دەزانین خودی دیموکراسی دەرفەت و پانتایی بۆ رەخنەگرتن و چاودێریکردنی کار و بڕیارەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی و دەسەڵاتە مەحەلییەکان و دامەزراوە و کۆمپانیا تایبەتەکان دەڕەخسێنێت، بەڵام ئەوەی ئێستا روودەدات، حاڵەتێکی جددییە و دەبێت لەبەرچاوی بگرین.

*** باشە با پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکەی بکەین، ئایا ئەم بێتمانەییەی لە ئاستی رۆژنامەگەری و راگەیاندندا بوونی هەیە، لەسەر ئەدای دیموکراسی چ رەنگدانەوە و کاریگەرییەکی خراپی دەبێت؟**

- بە تێڕوانینی من ئەم بێتمانەیییە لە ئاستی راگەیاندندا هەیە، دەرئەنجام و دەرهاویشتەی گەورەی دەبێت، چونکە ئەمە دۆخێك دروست دەکات کە چیتر خەڵکی نەزانن باوەڕ بە کێ بکەن، بگرە رەنگە هەلومەرجێك دروست بکات کە خەڵکی خۆیان لە حاڵەتێکدا ببیننەوە، کە چیتر باوەڕ بە هیچ شتێك نەهێنن.




*** باشە ئەگەر ئەمە بارودۆخەکە بێت، ئایا لە دیدی ئێوەدا پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی راگەیاندن بتوانێت رۆڵی سرووشتی و چاوەڕوانکراوی خۆی تێدا بکات؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە ئەمریکاوە هەبێت، ئەوا هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئێمە بە دەست نەبوونی رۆژنامەگەرییەکەوە دەناڵێنین، کە هەواڵ و زانیارییە مەحەلییەکان رومال ناکات، واتە پێویستمان بە بوونی رۆژنامەگەرییەکی مەحەلی هەیە، کە تێیدا رۆژنامەنووسە مەحەلییەکان لەسەر ئاستی مەحەلی هەواڵ و زانیارییەکان رومال بکەن و بیگوازنەوە، بەڵام ئەنجامدانی ئەم کارەش بەهۆی دۆخە ئابوورییەکەوە سەخت و دژوارە، ئەمە لەسەر ئاستی مەحەلی. لەسەر ئاستی نیشتمانییش ئەوا هاووڵاتیان پێویستیان بە رۆژنامەگەرییەکە کە راستییەکانیان بۆ ئاشکرا بکات و تەحەددی دەسەڵات بکات و کەموکوڕی و درۆکانیان بۆ بخاتەڕوو.

*** لەسەر بنەمای ئەو بەرەوپێشچون و گۆڕانکارییانەی ئاماژەت پێکردن کە لە کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندندا هاتوونەتەئاراوە، ئایا پێتوایە ئایندەی کاری رۆژنامەگەری چۆن دەبێت؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە بتواندرێت مسداقییەت و متمانە بەدەست بهێنێتەوە، یان کاری رۆژنامەگەری رۆڵی بەرەو کزبوون و ئاوابوون دەچێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر جددییە و لە راستیدا من وەڵامێکم بۆ ئەم پرسیارە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئومێد و هیوای من ئەوە بووە کە رۆژنامەنووس و راگەیاندنکاران ئەو دەرفەت و بوارەیان هەبێت، کە بتوانن راستییەکان بخەنەڕوو، یان گێڕانەوەکانیان نزیك بن لە راستی و ئەو رووداوانەی روودەدەن، بە چەشنێك کە خەڵکی بتوانن باوەڕ و متمانە بە رۆژنامەنووسان بهێننەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیزانین ئەوەیە کە بارودۆخە ئابوورییەکە دژواری دروست کردووە و، بۆتەهۆی ئەوەی گۆڕانی هەلومەرجەکە بەم ئاراستەیەدا کارێکی زەحمەت بێت. دواتر من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە خەڵکی لە ئەمریکا درك بە گرنگیی پەیوەندی نێوان کاری رۆژنامەگەری و دیموکراسی دەکەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئایا ئامادەن راستەوخۆ ئەو رۆژنامانە بکڕن، یان با بڵێین ئایا ئەو مۆدێلە ئابوورییە چییە کە دەبێت لەم رووەوە بگیرێتەبەر و لە دەرئەنجامدا بە خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتی بشکێتەوە؟ واتە هەمیشە خەڵکی خوازیاری ئەوەن کە حوکمڕانەکان لە ئاست بەرپرسیارێتیدا بن، ئومێدەکە ئەوەیە کە خەڵکی رێگا و شێوازێك بدۆزنەوە کە لە رێیەوە بتوانن ئەو کەسانە رووبەڕووی بەرپرسیارێتی کار و کردارەکانیان بکەنەوە، کە لە پێگەی حوکمڕانی و دەسەڵات و بەرپرسیارێتیدان.

**چەمکی هەواڵی ساختە بۆتە چەکێکی سیاسی بۆ هێرشکردنە سەر دەسەڵاتی چوارەم و دەزگاکانی راگەیاندن، واتە لە ئێستادا سیاسەتمەدارەکان و پارتە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی دیکە ئەم چەمکە بەکار دەهێنن بۆ وەسفکردنی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی کە لەگەڵ کارنامە و تێڕوانینەکانیاندا یەک ناگرێتەوە**

# سۆشیال میدیا

## بەشی یەکەم

## چەندین بۆچوون لە سەر میدیای نوێ و گەشەکردنی ئامرازەکان لە رووی مێژووی تەکنەلۆژیا جیاوازەکانەوە هەیە

باسی میدیای نوێ و سۆشیاڵ میدیا، ئێستە لەو باسە سەرەکییانەیە کە سەراپای کۆنفرانسە زانستی و دیبەیت و سیمینارەکانی تایبەت بە میدیای داگیرکردووە، هەر جارەو هەر کەسەو هەر ناوەندێك لە روانگەی خۆی و ئەو بوارەی کە سۆشیاڵ میدیا بەرکەوتەی لەگەڵ کردووە باسی دەکات، تا دەگاتە ئەوەی هەندێك لە پسپۆڕان بە ئینقلاب بەسەر ژیانی واقیعی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی دایدەنێن، پێیانوایە ئەو کۆمەڵگە خەیاڵییەی سۆشیاڵ میدیاو میدیای نوێ دروستی دەکات، لە بەها و پێگەی کۆمەڵگە واقیعییەکە کەم دەکاتەوە. چەندین بۆچوون لە سەر میدیای نوێ و گەشەکردنی ئامرازەکانی لە رووی مێژووی و تەکنەلۆژیا جیاوازەکانەوە هەیە، هەر یەکە لە زانایان بە شێوازێکی جیاواز پێناسەی میدیای نوێ دەکەن، بۆ نموونە: (جۆن بافلیك) لە رێگەی چوونە ناوەوە و گرنگیپێدانی گەشەی ژمارەکان و ئینتەرنێت کە ئەمە لە پەنجا ساڵی رابردوودا بووە، پێناسەی میدیای نوێ دەکات، لە لایەکی دیکەوە (گیلتمان و بنگری) سەردەمی میدیای نوێ دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرهەڵدانی تەلەگراف لە ساڵی ١٧٤٠ کە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لە راگەیاندن جۆرێك لە بازدان و گۆڕانکاریی نێوان تەکنەلۆژیای پەیوەندی و شەبەکاتی نوێ و کۆن بەرجەستە دەکات. هەبوونی ئەم ناوانە هۆکارێك بوو بۆ دروستبوونی میدیای نوێ، دەکرێت بڵێین: تەکنەلۆژیای ژمێرەیی لە رێگەی کۆمپیوتەرەوە بە بینەرەوە دەبەسترێتەوە، لە ئەنجامیشدا راگەیاندنی تەفاعولی دروست دەبێت.

سعود ساڵح محەمەد دەڵێت: «کارێکە کە تیایدا پەخشی جیهانێکی نوێی بە هەموو لایەنە ئەقڵی و سیاسی و ئابووری بەبێ پێویست بوون سەلماندووە، وەك کاتێك راگەیاندن دەبێتە کایەیەکی زیندوو بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵگە، کە ئەمە تازە نییە و لەسەرەتای بوونی راگەیاندنەوە ئەو بۆچوونە هەر هەبووە، بەڵام تەکنیك و شەبەکات و تۆڕ و بەستەرەکان ئەمانە گەشەکردنێکی ماددییە و لەگەڵ گەشەکردنی کایەی مرۆڤایەتی و تەکنەلۆژیادا سەریان هەڵداوە، کە ئەمانە وەك جوانکارییەکن بۆ ئەمڕۆ و دەبنە پێویستییەك بۆ داهاتوو.» هەروەها پێناسەی فەرهەنگی تەکنەلۆژیا رەقەمی بۆ کراوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: «میدیای نوێ لە نێوان تێکهەڵکێشکردنی سێ پێکهاتەی سەرەکیدا پەیوەندییەکی سەرکەوتووە، ئەوانیش کۆمپیوتەر، شەبەکات، چەند ئامرازێك.

لیستر پێیوایە: کۆمەڵێك تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردنە کە لە ئەنجامی یەکگرتنی کۆمپیوتەر و ئامرازەکانی راگەیاندنی کۆن، چاپکردن و ڤیدیۆ و فۆتۆگرافی و دەنگ دروست دەبێت. ئەمانەو بەردەوامیش لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆژیا و پەیدابوونی ئەپلیکەیشنی نوێ و سەرهەڵدانی جۆری نوێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زیاتر چونەناو بوارە جیاوازەکان و ئەرکی نوێ و بەکارهێنانی نوێ پێناسی نوێتر و شیکردنەوەی نوێتری بۆ دەکرێت، هەرچەندە هێشتا لەلایەن پسپۆڕان و توێژەرانەوە مشتومڕ بەردەوامە، کە ئایا ئەمە بە میدیا ناو ببرێت یان نا، لەگەڵ ئەوەشدا راگەلێکی زۆر هەن کە پێیانوایە گۆڕانکاری لە میدیای کۆندا کراوە، هەروەکو (ریچارد دیڤیس و دیانا ئاون) دەڵێن: «میدیای نوێ بە تەواوی گۆڕانکاری بەسەر راگەیاندنی کۆندا هاتووە، وەك بەرنامە، گفتوگۆ، ئامێرەکان و بەرنامە جۆراوجۆرە راستەوخۆکان، کە ئەمانە شاشەی تەلەفزیۆنیان






پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

گۆڕی و میدیای نوێ شۆڕشێکی بەسەر شێوازە تەقلیدی و کۆنەکەی راگەیاندندا کرد».

لەگەڵ ئەم پێناسانەشدا ناوی جیاواز لە سەرچاوەو توێژینەوە و رای پسپۆڕانەوە لە سۆشیاڵ میدیا، یان میدیای نوێدا هاتوە، لەوانە: میدیای ژمارەیی (الرقمی) وەك وەسفێك بۆ کۆمەڵێك جێبەجێکاری کە لە رێگای تەکنەلۆژیای رەقەمییەوە ئەنجام دەدرێت، وەك تەلەفزیۆنی رەقەمی و رادیۆی رەقەمی، یان هەر نیشانەیەکی نێوان سیستمێك، یان ئامرازێکی راگەیاندن کە لەگەڵ کۆمپیوتەردا یەکبگرن.

هەندیك ئەم بابەتە بە میدیای کارلێك (التفاعل) ی ناوی دەبەن، کە مەبەست لێی ئەو کارلێکەی نێوان رادیۆ و تەلەفزیۆن و تۆڕەکانی پەیوەندی و ئەو کارلێکەی نێوان میدیای کۆن و نوێیە کە هەیە .

میدیای تۆڕەکان (الشبکی): مەبەست لە و هێڵانەیە کە بۆ پەیوەندیکردن بەکاردێت، ئەمەش لە رێگەی ئینتەرنێتەوە. هەندێك سەرچاوە بە ئامرازەکانی سیبرۆنی ناوی دەبەن، بۆ نمونە: بۆ پێناسەکردنی دنیای سیبرۆنی کە تیایدا لە ساڵی ١٩٨٤ نووسەر ویلیام جبسون چیرۆکی خەیاڵی - زانستی نوسیووە، کە بە هۆی بوونیان بە سەرچاوەیەکی فراوانی زانیاری لە هەندێك سەرچاوە بە میدیای زانیارییەکان ناوی دەبەن، کە مەبەست لەو یەکگرتنەی نێوان کۆمپیوتەر و پەیوەندییە لە رێگای سیستمێکی میدیاییەوە.

لەبەر ئەوەی هاتنی ئەم جۆرە لە میدیا بەهۆی یەکگرتنی کۆمەڵێك ئامرازەوەیە، بە میدیای چەند ئامرازێکیش ناوی دێت، وەك ئەو تێکهەڵکێشییەی کە لە ناو دەنگ و دەق و وێنەدا روو دەدات. لەبارەی جۆرەکانی میدیای نوێشەوە، لەبەر ئەوەی میدیای نوێ تەنیا جۆرێك ناگریتەوە، بەڵکو لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تاکو ئێستا و بەردەوامیش جۆری نوێ سەرهەڵدەدات، تاکو ئێستا ئەو جۆرانەی کە بوونیان هەیەو کار دەکەن، پسپۆڕان و سەرچاوەکان لەم جۆرانەدا پۆلینیان کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی وەك وتمان میدیای نوێ بە هۆی تەنیا ئامێرێکەوە سەری هەڵنەداوە و بە ئامێرەکانی دیکەی وەك کۆمپیوتەرو ئینتەرێت و مۆبایل و ئامرازەکانی گەیاندنەوە پەیوەستە، بۆیە جۆرەکان بەپێی پەیوەست بوون بەو ئامێرانەوە جیاکراونەتەوە لەوانە:

١. میدیای نوێ کە پەیوەستە بە ئینتەرنێتەوە: ئەم جۆرە تازەترین جۆرە و تایبەتمەندییەکانی پێشتر نەبوون، بەڵکو بەپەلە گەشە دەکات و چالاکییەکانی بەردەوامە.

٢. میدیای نوێ کە پەیوەستە بەو ئامێرانەی کە گواستنەوەیان ئاسانە: لەبەر ئەوەی ئامێرەکان بەکار دەهێنرێن بۆ نووسین و خوێندنەوەش، بەپەلە گەشە دەکەن و بڵاودەبنەوە، هەروەها لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنان و داواکاریی زیاتر لەسەریان، بەردەوام ئامێری تازە بەرهەم دەهێنرێت.

٣. ئەو جۆرە لە میدیای نوێ کە پەیوەستە بە میدیای کۆنەوە: مەبەستمان لە میدیای کۆن رادیۆ و تەلەفزیۆنە کە بۆ گەیاندنی پەیامەکان کارلێك کردن و ژمارەیی و وەڵامدانەوی داواکارییەکان میدیای نوێ زیادەیەك دەخاتە سەر توانای میدیای کۆن.

٤. میدیای نوێ کە پەیوەستە بە کۆمپیۆتەرەوە: ئەم جۆرە لە میدیا بە هۆکاری تۆڕەکان، یان بە هۆکاری پاراستن و دووبارە تەماشاکردن و بەکارهێنانی شریتی سیدی و ڤیدیۆ و هەروەها بەکارهێنانی یارییەکان و ڤیدیۆ و کتێبە ئەلیکترۆنییەکان هەر لە رێگای کۆمپیۆتەرەوە دەبێت.




**غەفوور مەخمووری**

**لە کۆڕێکیدا لە رۆژنامەی (الدستور)ی ئوردەنی:**

# سەرۆک مسعود بارزانی رێبەر و مەرجەعی باڵای گەلی کوردستانە



# کەسایەتیی کاریزمای سەرۆک بارزانی چۆن لە رابردوو و ئێستادا کاریگەری هەبووە، لەداهاتووشدا کاریگەریی زیاتری دەبێت

**گوڵان – عەمان**

**پێویستە رۆشنبیرانی عەرەب خوێندنەوەی دروستیان بۆ پرسی کورد هەبێت**

**لە پرۆسەی ریفراندۆمدا؛ سەرۆک بارزانی و گەلی کوردستان زۆر باشتر دۆست و دوژمنەکانیان ناسی**

**ئەگەر خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر نەبووایە، گفتوگۆی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتیی کوردستان لەگەڵ هەموو لایەک لەسەر دیاریکردنی سنوور و کات و چۆنیەتی راگەیاندنی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەبوو**

غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، لەلایەن رۆژنامەی (الدستور)ی ئوردەنی لە عەمانی پایتەختی ئوردەن میوانداری کرا و، بابەتێکی سەبارەت بە رەوشی سیاسیی کوردستان و رۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی وەك رێبەری گەلی کوردستان لە ئێستاو داهاتوودا پێشکەش کرد.

ئێوارەی رۆژی شەممە؛ رێکەوتی ٢٠١٩/١/٢٦ لە عەمانی پایتەختی ئوردەن، غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (YNDK)، لەلایەن رۆژنامەی (الدستور) و (مونتەدای رۆشنبیریی دستوور)ی میوانداری کراو، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی و نووسەرو رۆشنبیرو رۆژنامەڤان کۆڕێکی سیاسی لەژێر ناوی (رەوشی سیاسیی کوردستان و رۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی وەك رێبەری گەلی

بیرمەندی گەورەی عەرەب د. مونزر حەوارات:

**ئەگەر بارزانی لە پێگەی سەرۆکایەتی بێت، یا لە ماڵی خۆی بێت، ئەوا خەڵکی کوردستان و هەموو لایەک سەرۆک مسعود بارزانی وەک سەرۆک و ڕێبەری کوردان دەناسن و ڕێزی لێدەگرن**

باڵیۆز فاروق ئەلعزة:

**سەرۆک بارزانی بە خەبات و تێکۆشان و ڕاستگۆیی و بوێری و دڵسۆزی خۆی بۆ گەلی کوردستان وایکردووە کەوا هەموو مرۆڤیکی سەر ئەو زەوییە ڕێزی بگرێت**

کوردستان لە ئێستاو داهاتوودا) بۆ ڕێکخرا، لە سەرەتادا ڕۆژنامەنووس (ڕەنا حەداد) بە ناوی ڕۆژنامەی (الدستور) و مونتەدای ڕۆشنبیریی دەستوور، بەخێرهاتنی مەخمووری و ئامادەبووانی کردو، باسی لە گرنگیی بابەتی کۆڕەکەی مەخمووری کرد، دواتر ڕاگەیاندنکار (داما کوردی) بەناوی کوردانی ئوردەنەوە بەخێرهاتنی غەفوور مەخمووری و ئامادەبووانی کرد و وتی: «بەناوی کوردانی ئوردەنەوە بەخێرهاتنی میوانی بەڕێزمان کاك غەفوور مەخمووری و تەواوی ئامادەبووان دەکەین، بۆ ئێمەی کوردانی ئوردەن جێگەی شانازییە کەوا نووسەر ئەمڕۆ باس لە ڕۆڵی گرنگی سەرۆك و ڕێبەری کوردان کاك مسعود بارزانی دەکات، لەهەمان کاتدا کتێبێکی تایبەتیش لەسەر کەسایەتی سەرۆك بارزانی بەدیاری دەبەخشێتە ئامادەبووان.» دواتر مەخمووری وێڕای بەخێرهاتنی میوانان خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو میواندارییە و ئامادەبوونی میوانان دەربڕی و سوپاسی ڕۆژنامەی (الدستور) و مونتەدای ڕۆشنبیریی دەستووری کرد بۆ ڕێکخستنی ئەو دیدارە لەگەڵ ئامادەبووان، سەرەتا پوختەیەکی سەبارەت بە ڕەوشی سیاسیی کوردستان خستەڕوو، دواتر هاتە سەر پێشکەشکردنی بابەتەکەی و باسی لە گرنگیی ڕۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی وەك ڕێبەری گەلی کوردستان لە قۆناخی ئێستا و داهاتووی خەباتی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان کرد.

غەفوور مەخمووری لە کۆڕەکەدا باسی لە ڕەوشی سیاسیی کوردستان کردو وتی: «پرسی گەلی کوردستان لە پێشڤەچوونێکی بەردەوامدایە و قۆناخی پێشووی دەرباز کردووەو بۆتە پرسێکی جیهانی و لە چوارچێوەی سنووری دەستکردی (عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا) دەرچووەو، هەموو جیهان بە بایەخەوە مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکەن، لە هەمان کاتدا کوردستان بۆتە وێستگەیەکی دیپلۆماسیی گرنگ لە ناوچەکەدا، ئەمەش مایەی خۆشحاڵی و هەنگاونان بەرەو دوارۆژێکی گەشە.» مەخمووری سەبارەت بە پرسی ریفراندۆمیش وتی: «سەرۆك مسعود بارزانی بە راوێژ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کەوا بۆ پاراستنی کوردستان و بەرگرتن لە پیلانەکان و کۆتاییهێنان بە زوڵم و چەوسانەوەو پەراوێزخستن، بە پشتبەستن بە پرەنسیپی مافی چارەنووس و بنەماکانی مافی مرۆڤ، بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم بدەن، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بڕیاری خۆی بدات، ئەمەشیان بڕیارێکی دروست بوو، دەتوانین بڵێین لە مێژووی ژیانی سیاسیی سەرۆك مسعود بارزانی ئەم بڕیارە یەکێکە لە کارە هەرە باشەکانی کە جێگەی شانازییە، ئەویش ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو.» هەروەها مەخمووری وتی: «ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم سەرکەوتوو بوو، بێ کێشە بە ئەنجام گەیشت و زۆربەی هەرە زۆری گەلی کوردستان بە تەواوی پێکهاتەکانەوە بە جۆش و خرۆشەوە ڕوویان لە سندۆقی دەنگدان کردو، گەل بە ڕێژەی ٩٢.٧٣٪ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، ئەمەش گەورەترین سەرکەوتن بوو بۆ گەلی کوردستان و پرۆسەی ریفراندۆم.» مەخمووری ئەوەشی وت کەوا: «لە پرۆسەی ریفراندۆمدا؛ سەرۆك بارزانی و گەلی کوردستان زۆر باشتر دۆست و دوژمنەکانیان ناسی، لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین کەوا سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر ئاستی ناوخۆو ناوچەیی و نێودەوڵەتی خیانەتی لێکرا، ئەگەر خیانەت لە سەرۆك بارزانی نەکرابووا ئەوا ئێستا زۆر شتی گرنگ لە ناوچەکەدا ڕوویدابوو، ئەگەر خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ نەبووایە، ئەوا گفتوگۆی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیی کوردستان لەگەڵ هەموو لایەك لە دیاریکردنی سنوور و کات و چۆنیەتی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەبوو.»

غەفوور مەخمووری سەبارەت بە ڕۆڵ و ئەرکی سەرۆك مسعود بارزانی وەك ڕێبەری گەلی کوردستان لە ئێستاو داهاتووی کوردستان بۆ ئامادەبووان دواو وتی: «ئێستاش دوای ئەوەی کەوا جەنابی سەرۆك بارزانی ڕازی نەبوو پەرلەمانی کوردستان ماوەی سەرۆکایەتی بۆ درێژ بکاتەوە، لەم کاتەدا وەك ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان دەمێنێتەوە و دەتوانێت کاری گرنگ

بۆ گەیاندنی گەلی کوردستان بە کەنارێکی ئارام ئەنجام بدات، لێرەوە دەمەوێت بە هەموو لایەکی رابگەیەنم کەوا سەرۆك مسعود بارزانی وەکو رێبەرو و مەرجەعی باڵای گەلی کوردستان لەناو کایەی سیاسیی کوردستاندا دەمێنێتەوە، بێگومان کەسایەتی کاریزمی سەرۆك بارزانی چۆن لە رابردوو و لە ئێستادا کاریگەری هەبووە، لەداهاتووشدا کاریگەریی زیاتری خۆی دەبێت، لە رۆژانی داهاتووشدا هەموو لایەك ئەو راستییە دەبینن».

غەفوور مەخمووری لە کۆڕەکەدا داوای لە رۆشنبیرانی ئوردەن و عەرەب کرد، کەوا هاوکارو پشتیوانی گەلی کوردستان بن و رێز لە قوربانیدانی نەتەوەی کورد بگرن و وتی: «پێویستە رۆشنبیرانی عەرەب خوێندنەوەی دروستیان بۆ پرسی کورد هەبێت و بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.» هەروەها بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەو کارەساتانەی بەسەر کوردا هاتوون وتی: «تەنیا سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کورستان زامنی دووبارەنەبوونەوەی ئەو کارەساتانەن، بۆیە پێویستە هەموو لایەك هاوکارو پشتیوانی کورد بن بۆ ئەم مەبەستە.» دوای ئەوەی مەخمووری بابەتەکەی پێشکەش کرد، دەرگای گفتوگۆ بۆ ئامادەبووان کرایەوەو، ژمارەیەکی زۆر لە ئامادەبووان بە گرنگییەوە باسیان لە بابەتەکە کرد، لەوانە ( بیرمەندی عەرەب (د. مونزر حەوەرات، باڵیۆز د. فاروق العزة، پەرلەمانتار حەمادە فراعنە، رۆژنامەنووس عەونی داود جێگری سەرنووسەری «الدستور» و چەند کەسایەتییەکی دیکە) بیروڕاو سەرنجی خۆیان خستەڕوو.

بیرمەندی گەورەی عەرەب (د. مونزر حەوارات) سەبارەت بە بابەتەکەی مەخمووری روانینی خۆی بەمجۆرە خستەڕوو: «پێش ئامادەبوونم لەم کۆڕەدا کتێبی «مسعود البارزاني رمز الپێشمەرگایەتی والمقاومة القومية»ی مەخمووریم خوێندەوە، کەوا باس لە کەسایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی وەك پێشمەرگە و سیمبۆلی بەرخۆدانی کوردان دەکات، مەخمووری بە ئینسافەوە وەك وەفادارییەك بۆ ئەو رێبەرە مەزنە زۆر شتی ورد و گرنگی خستۆتەڕوو، دەستخۆشی و پیرۆزبایی لێدەکەم.»

د. مونزر حەوارات لە درێژەی قسەکانیدا وتی: «پێش سەردانم بۆ کوردستان وام بیردەکردەوە کەوا سەرۆك مسعود بارزانی وەکو سەرۆکەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات و ئاسیا بە حوکمی دەسەڵاتەکەی وایکردووە خەڵك خۆشی بوێت، بەڵام کە سەردانی کوردستانم کرد، هەستم کرد زۆربەی هەرە زۆری گەلی کوردستان سەرۆك مسعود بارزانی بە رێبەرو سەرۆکی خۆی دەزانێت و ئەو خۆشەویستییەی خەڵکی کوردستان بۆ بارزانی دەگەڕێتەوە بۆ خەبات و تێکۆشانی بارزانی لەپێناو گەلی کوردستان، گەیشتمە ئەو باوەڕەی کەوا ئەگەر بارزانی لە پێگەی سەرۆکایەتی بێت، یا لە ماڵی خۆی بێت، ئەوا خەڵکی کوردستان و هەموو لایەك سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆك و رێبەری کوردان دەناسن و رێزی لێدەگرن، بۆیە من لەگەڵ بەڕێز مەخمووری هاوڕام کەوا بارزانی هەردەم خاوەن کاریگەری خۆیەتی.»

باڵیۆز (فاروق ئەلعزة) یەکێك بوو لەوانەی کەوا روانینی خۆی لەسەر کۆڕەکەی مەخمووری و کەسایەتیی سەرۆك بارزانی خستەڕوو، ئەلعزە وتی: «ئەم ئێوارەیە زۆر خۆشحاڵم کەوا لە کۆڕێکدام باس لە رێبەری نەتەوەیەکی مەزڵووم و تێکۆشەر دەکرێت، کە ئەویش سەرۆکی کوردان جەنابی مسعود بارزانی-یە، سەرۆك بارزانی بە خەبات و تێکۆشان و راستگۆیی و بوێری و دڵسۆزی خۆی بۆ گەلی کوردستان وایکردووە کەوا هەموو مرۆڤیکی سەر ئەو زەوییە رێزی بگرێت، بنەماڵەی بارزانی هەموو تەمەنی خۆیان لە پێناو پرسی گەلەکەیان بەڕێکردووە و قوربانیی زۆریان داوە، بۆیە دەبێ بە رێزەوە سەیر بکرێن، لێرەوە دەستخۆشی لە برام غەفوور مەخمووری دەکەم کەوا ئەم ئێوارە هەمووومانی لە خزمەت سەرۆك بارزانی و گەلی کوردستاندا کۆکردەوە.» هەروەها ئەوەشی وت: «پێویستە عەرەب بە چاوی رێزەوە لە خەباتی کوردان بڕوانن و ئەوەی بۆ خۆیانی بە رەوا دەزانن، با هەمان شتیش بۆ کوردان بە رەوا بزانن.»

نووسەرو لێکۆڵەرو پەرلەمانتار (حەمادە فەراعنە) یەکێکی دیکە بوو لە گفتوگۆکاران، فەراعنە وێڕای راگەیاندنی پشتیوانیی خۆی

عەونی داود
جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی (الدستور):

**سەرۆک مسعود بارزانی بە ماندووبوون و خەبات و تێکۆشانی خۆی وەک پێشمەرگەیەک لە دژی زوڵم و چەوسانەوە خەباتی کردووە، خەباتی ئەو لە پێناو مرۆڤایەتی بووە، بۆ ئازادکردنی مرۆڤ بووە لە زوڵم و چەوساندنەوە**

رەنا حەداد
بەرپرسی کاروباری رۆشنبیریی رۆژنامەی (الدستور):

**سەرۆک بارزانی رێبەر و گەورەی کوردانە و بە رێبەری کوردانیش دەمێنێتەوە، منیش وەک مەخمووری دەڵێم رۆڵی بارزانی بەردەوامە و هەمیشە کاریگەری خۆی دەبێت، هیوای تەمەندرێژی بۆ سەرۆک بارزانی دەخوازم و پێتان دەڵێم هیواو ئاواتەکانی بارزانی دێنەدی**




بۆ پرسی گەلی کوردستان باسی لە رۆڵی سەرۆك بارزانی کردو وتی: «من دەڵێم: سەرۆك مسعود بارزانی، باش گوێم لێ بگرن، من دەڵێم: -الرئيس مسعود البارزاني- بارزانی بە مانای وشە سەرۆکە و خاوەن بڕیاری خۆیەتی، لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم زۆر لە دۆستان و وڵاتان داوایان لێکرد ریفراندۆم ئەنجام نەدات، بەڵام فەخامەتی سەرۆك بارزانی خاوەن بڕیاری خۆی بوو، ئەو بڕیارەی کە دابووی جێبەجێی کرد و، ئامادەی هەموو جۆرە قوربانییەکیش بوو لە رێیەدا، بۆیە دەڵێم ئەوەی برامان مەخمووری سەبارەت بە سەرۆك بارزانی باسی کرد، راستییەکن و پێویستیان بە بەڵگە نییە.» حەمادە فەراعنە لە درێژەی قسەکانیدا پشتیوانیی خۆی بۆ پرسی گەلی کوردستان راگەیاند و وتی: «من وەك ئوردەنییەك و وەکو عەرەبێك لە زووەوە ئاشناییم لەگەڵ پرسی کورد هەیەو باوەڕی تەواوم بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان هەیە، کورد وەکو گەلێکی رەسەنی ناوچەکە رووبەڕووی زۆر زوڵم بۆتەوە، پێویستە رێزیان لێ بگیرێت و پشتیوانی بکرێن.»

رۆژنامەنووس (عەونی داود) جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی (الدستور)، سەبارەت بە میواندارێکردن و کۆڕەکەی مەخمووری بۆ ئامادەبووان قسەی کرد و وتی: «ئێمە وەکو خێزانی رۆژنامەی –الدستور- جارێکی دیکە بە گەرمی بەخێرهاتنی برامان غەفوور مەخمووری و هەموو لایەکتان دەکەین و سەربڵندین کەوا ئەمڕۆ توانیمان کارێکی باش ئەنجام بدەین و، بانگهێشت و میوانداری مەخمووری بکەین بۆ ئەوەی ببێتە دەرفەتێك بۆ دیالۆگێکی کراوە سەبارەت پرسی گەلی کوردستان و رۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی وەکو رێبەری گەلی کوردستان، بێگومان ئێمە لە منداڵییەوە گوێمان لە ناوی تێکۆشەری مەزنی کوردان مەلا مستەفای بارزانی بووە، سەرۆك مسعود بارزانی ئەویش کوڕی ئەو تێکۆشەرە مەزنەیە، سەرۆك مسعود بارزانی بە ماندووبوون و خەبات و تێکۆشانی خۆی وەك پێشمەرگەیەك لە دژی زوڵم و چەوسانەوە خەباتی کردووە، خەباتی ئەو لە پێناو مرۆڤایەتی بووە، بۆ ئازادکردنی مرۆڤ بووە لە زوڵم و چەوساندنەوە، بۆیە سەرۆك مسعود بارزانی کەسایەتییەکی مەزنەو دەتوانین بڵێین تێکۆشەرو رێبەرێکی مرۆڤایەتییە، پێویستە هەموو لایەکمان بە رێزەوە لە خەبات و خواستی ئەو رێبەرە مەزنە بڕوانین.» هەروەها عەونی داود لە درێژەی قسەکانیدا وتی: «کورد گەلێکی بەوەفان، ئەم ئێوارە کۆڕە و ئەم کتێبەی کەوا ئەمڕۆ مەخمووری بە دیاری پێشکەشی ئێوەی دەکات، وەفادارییەکە لە مەخمورییەوە بۆ هاوخەباتی

راگەیاندکار داما کوردی:

**ئێمە کوردانی ئوردن لە رووی هاووڵاتیبوونەوە ئینتیمامان بۆ ئوردەن هەیە، لە رووی نەتەوەییشەوە ئینتیمامان بۆ کوردبوونمان هەیە، ئێمەی کوردانی ئوردەن هەموو کات وەک رێبەر و سەرۆک سەیری سەرۆک مسعود بارزانی دەکەین و خۆشمان دەوێت**



خۆی و ڕێبەری گەلەکەی سەرۆك مسعود بارزانی، من دەستخۆشی لە مەخمووری دەکەم بۆ ئەو وەفادارییە.»

ڕۆژنامەنووس (ڕەنا حەداد) بەرپرسی کاروباری ڕۆشنبیریی ڕۆژنامەی (الدستور)، کەوا کۆڕەکەی مەخمووری بەڕێوە دەبرد، ڕوانینی خۆی بەم شێوەیە خستەڕوو: «ڕێم پێ بدەن منیش چەند قسەیەك سەبارەت بابەتەکەی مەخمووری بکەم، من هاوڕام لەگەڵ مەخمووری کەوا سەرۆك مسعود بارزانی لە داهاتوودا کاریگەری زیاتری دەبێت، لەبەرئەوەی ئەوەی سەرۆك بارزانی ڕێبەر و گەورەی کوردانە و بە ڕێبەری کوردانیش دەمێنێتەوە، منیش وەك مەخمووری دەڵێم ڕۆڵی بارزانی بەردەوامە و هەمیشە کاریگەری خۆی دەبێت، هیوای تەمەندرێژی بۆ سەرۆك بارزانی دەخوازم و پێتان دەڵێم هیواو ئاواتەکانی بارزانی دێنەدی.»

ڕاگەیاندکار (داما کوردی) کەوا کوردێکی ئوردەنەو یەکێکە لە ڕاگەیاندنکارە بەناوبانگەکانی بواری ڕاگەیاندنی عەرەبی، وێڕای ئەوەی بەناوی کوردانی ئوردەنەوە بەخێرهاتنی مەخمووری و ئامادەبووانی کرد، وەك بەشدارێکیش ڕوانینی خۆی سەبارەت بە کۆڕەکەو کەسایەتیی سەرۆك بارزانی خستەڕوو و وتی: «ئێمە کوردانی ئوردن لە ڕووی هاووڵاتیبوونەوە ئینتیمامان بۆ ئوردەن هەیە، لە ڕووی نەتەوەییشەوە ئینتیمامان بۆ کوردبوونمان هەیە، ئێمەی کوردانی ئوردەن هەموو کات وەك ڕێبەر و سەرۆك سەیری سەرۆك مسعود بارزانی دەکەین و خۆشمان دەوێت، سەرۆك بارزانی جێگەی شانازیی ئێمەی کوردانی ئوردەنە و هیوای سەرکەوتن و تەندروستییەکی باش و تەمەن درێژی بۆ دەخوازین، سەرۆك بارزانی لە شاخ بێت، یا لە شار بێت، ئەو سەرۆك و ناسنامەی کوردانە.» داما کوردی لە درێژەی قسەکانیدا وتی: «ئەمڕۆ بۆ من ڕۆژێکی زۆر خۆشە و زیاتر هەست بە بوونی خۆم وەکو کوردێك دەکەم، زۆر سوپاسی کاك غەفوور مەخمووری دەکەم کە ئەوە چەند جارێکە لە عەمان سەبارەت بە کوردستان و سەرۆك بارزانی قسەمان بۆ دەکات، پێشووتر لە ٢٠١٦ و ٢٠١٧ و ئیستاش لە ٢٠١٩، هیوادارم ئەو تێکەڵییانە بەردەوام بن.»

دوای تەواوبوونی کۆڕەکە ڕێوڕەسمێك بۆ ئیمزاکردنی کتێبی (مسعود البارزاني رمز الپێشمەرگايەتی والمقاومة القومية) لە نووسینی غەفوور مەخمووری سازکرا، مەخمووری کتێبەکەی بە واژووی خۆی و بە دیاری پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. کۆڕەکە زیاتر لە دوو کاتژمێری خایاند و بووە جێی خۆشحاڵی ئامادەبووان.

پەرلەمانتار حەمادە فەراعنە:

**لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم زۆر لە دۆستان و وڵاتان داوایان لێکرد ریفراندۆم ئەنجام نەدات، بەڵام فەخامەتی سەرۆک بارزانی خاوەن بڕیاری خۆی بوو، ئەو بڕیارەی کە دابووی جێبەجێی کرد**